# بەرەو كام ئاڕاستە دەڕۆین؟



ئاسۆ كەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، لە سیمینارێكی (MERI)دا گوتی: «فیدراڵیزم لە عێراقدا فەشەلی هێناوە». یوسف محەمەدی سەرۆكی پەرلەمان-یش لە دیمانەیەكی رۆژنامەی «الاهرام»ی میسری دا، دەڵێ: «لە عێراقدا جگە لە كارەسات و ناخۆشی هیچم لەم وڵاتەدا نەبینیوە.. عێراق دەوڵەتێكی فاشیلە، ئێمە مافی دیاریكردنی چارەنووسی خۆمان هەیە، بەڵام بڕیاری ئێستامان مانەوەیە لە چوارچێوەی عێراقێكی فیدراڵی.»- لە سایتی سبەی وەرگیراوە -. لە رستەكەی سەرۆكی حكوومەتدا چ دەخوێندرێتەوە؟

١. یان دەبێ كورد بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێ.

٢. یان كورد پێوەندیی خۆی لەگەڵ باقی گەلی عەرەب بە شیعە و سوننەوە، لەسەر بنەما و ستاتۆیەكی قانوونی-سیاسیی دیكە دابڕێژێتەوە وەك «كۆنفیدراڵیزم»، یان هەر ستاتۆیەكی دیكە «فیدراسی».

٣. یان ئەوەتا ئەو رستەیە تەنیا كارتێكی فشارە بۆ سەر حكوومەتی ئیتیحادی و هیچی دی، تا سەربێنێتە بەرێ و لە ئینكەبەرییەكانی دابەزێ.

رستەكەی سەرۆكی پەرلەمانیش، وای لێ دەخوێندرێتەوە: كە عێراق دەوڵەتێكی فاشیل بێت، كەواتە هەر توانا و وزەیەك (ناوەكی بێت، یان دەرەكی) بۆ رێكخستنەوە و بنیاتنانەوەی بێهودەیە.

بە رای یوسف محەمەد عێراق نایەتەوە سەرخۆ و راستەڕێ نابێ، كورد لە زیان و زەرەر و ناخۆشی هیچی دیكەی لێ بەدەست ناهێنێ، وەكچۆن تا ئێستا وابووە، بەڵام وێڕای ئەوەی كورد مافی دیاریكردنی چارەنووسیشی هەیە، جارێ لەناو عێراقێكی فاشیلدا دەمێنینەوە! ئەگەر لەگەڵ ئەو مەنتیقەدا بچینە پێشەوە كە عێراق دەوڵەتێكی فاشیلە، دەڵێین دەرەنجامی دەوڵەتێكی فاشیل ئەوەیە كە كورد خۆی لە پەت و چوارچێوەی عێراق رزگار بكات، چونكە دەوڵەتی فاشیل ئایندەی نییە.

ئەو دوو «رۆئیا»یە زۆر لەیەك دوور نین. چۆن؟ بەلایەنی كەمەوە لە خاڵێكدا یەكدەگرنەوە كە ئەویش بەكارهێنانی وشەی «فاشیل»ە، یەكیان بۆ «نیزامی حوكمڕانی» و ئەوی دیكەیان بۆ «دەوڵەتی عێراق». هەرچەند فیدراڵیزم لە عێراقدا پڕۆژەی كورد و دواتر هی ئەمریكاییەكان بووە، بەڵام كە فاشیل بووە (لەبەر هەر هۆیەك بێت)، نێچیرڤان بارزانی ئەگەرەكانی بەردەم كوردی بە كراوەیی هێشتۆتەوە و دەكرێ لێكدانەوەی جیاجیاش بۆ ئەو ئەگەرانە بكرێ. لەم روانگەیەشەوە

رەنگە ئەو رۆئیایە هیچ لایەنێکی ناوەکی و دەرەکی (ئێران و تورکیا) نەورووژێنێ، چونکە سەرۆکی حکوومەت پیازێکی سپی لەدەستی کەس نەناوە. لەکاتێکدا یوسف محەمەد وێڕای جەختکردنەوە لەسەر مافی چارەی خۆنووسین، «خیار»ی مانەوە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی بۆ ئێستە کردووە بە بڕیاری کوردان. « بەڵێ لە کۆبوونەوە ٥ قۆڵییەکەی گردەکەی سلێمانی بڕیاری بەشداریکردن لە کابینەکەی عیبادی درا». ئەو ئێستەیە تا چەند دەخایەنێت و بە چ مەرجێك بەستراوەتەوە؟ کەواتە بە پەنامەکیش بێت سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدایە کە دەبێ کورد مشوری خۆی بخوات و خۆی بەشێوەیەك لە شێوەکان لە پەتی عێراق رزگار بکات، واتە مەسەلەکە، مەسەلەی کاتە! ئەو قسانە لە کاتێکدا دەکرێن کە نوێنەرانی کورد لە دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراقدا، بە خاهیشت بێ، یان نا، جێگەی خۆیان گرتووە. وەك دەزانرێ هیچ لایەك بێ ئومێد نەبووە. هێشتا هەوڵ و کۆشش بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر- بەغدا بەردەوامە. ئەمریکاییەکان - بە قسەی خۆیان، بە قسەی من نا- ناوبژیوانی دەکەن و هەوڵی لێکنزیککردنەوەی هەڵوێستەکان دەدەن. سەردانی بەرپرسەکانی عێراق-یش لە سەرۆکی کۆمارەوە بگرە تا جێگری سەرۆك کۆمار و وەزیری نەوتی عێراق بەڵگەیەکی دیکەی ئەو هەوڵانەیە. ئەو هەوڵانە جۆرێ لە ڕێککەوتنیان هێنایە ئاراوە: ناردنی بڕێك پارە «٥٠٠ ملیۆن دۆلار » لە بەرانبەر هەناردنە دەرەوەی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم بوو لە رۆژێکدا بۆ عێراق. ئێوارەی ١٤ی/ ١١ وتەبێژی ئیدارەی ئەمریکا، دەستخۆشی لەم «ڕێککەوتنە» کرد. قەولە وەفدێکی هەرێمی کوردستان-یش سەردانی بەغدا بکات، ئەگەر گریمان دوای سەردانی شاندی هەرێم بۆ بەغدا، ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەسەر پرسەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکرێت، ئەوا ئەو «ئێستە»ی کە لە سەرێ باسکرا تا کەی دەخایەنێت؟ یان ئەگەر گریمان بە کاتەکی ڕێککەوتن لەسەر هەندێ پرسی وەکو بودجە و نەوت و گاز و هەماهەنگیکردن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش بکرێ و هەندێ پرسی دیکەش «تأجیل» بکرێن، واتە کورد دەبێت هەوڵ بدات لەگەڵ عێراقدا وەکو دەوڵەتێکی فاشیل هەڵبکات، لێ کەمترین زیانی بەر بکەوێت و چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەبارتر بکات بۆ هێنانەدی خەونی ستاتۆیەکی قانوونی- سیاسیی باڵاتر بۆ باشووری کوردستان بەپشت بەستن بە دەرەنجامەکانی شەڕی داعش؟ لەکاتێکدا حاڵی حازر بە قسەی تۆماس فریدمان: «تورکیا، داعشی لە کوردستانی سەربەخۆ پێ باشترە» و ئێران-یش بە ئاشکرا دەریبڕیوە کە لەگەڵ هەر ستاتۆیەکە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بهێڵێتەوە. لە وەڵامی پرسیارێکی مندا بەرپرسێکی باڵا، کە داخوا کێشەی بودجە و مووچەی فەرمانبەران چارەسەر دەبێت، یان نا، گوتی: «بەداخەوە، وێدەچێ بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستی تەواوی لایەنەکانی شیعە بێت»، هەروەها بە قسەی راوێژکارێکی دیکە و ئاگاداری بن پەردان «سوننەکانیش هاوڕان». هەندەی من لە قسەکانی ئەو دوو بەرپرسە گەیشتبم، «رۆئیا»ی پارتی رووەو سەربەخۆییە، لێ لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا دەبێت بە پارێز و بەدێمکاری بۆ بکرێ و وردە وردە هەوڵی قەناعەتپێهێنانی عێراقییەکان بدرێ کە بە خۆشیی قبووڵی بکەن. ئاخر شەڕی داعش درێژە دەکێشێ، بەتایبەتی لە ناوچە سوننەنشینەکاندا و دابەزینی نرخی نەوت بە رێژەی ٢٥٪ و پەککەوتنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك لە ڕێگەی بۆڕییە کۆنەکانەوە و سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی تەنگژەی دارایی لە عێراقدا، رەنگە پاڵ بە چەند پارێزگایەکی شیعەنشینەوە بنێن کە بیر لە دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی بکەنەوە کە زێتر سوود لە خێروبێری ناوچەکانیان وەربگرن و بە ناچاری لەگەڵ هەرێمیش ڕێکبکەون لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی کەرکووك لە ڕێگەی بۆڕییە نەوتییەکانی هەرێمەوە. ئەمەش هەم لە بەرژەوەندیی عێراقە و هەم لە بەرژەوەندیی کەرکووکییەکان و هەرێمی کوردستانیشە.


کەواتە تاکە ڕێگە لەپێش کورددا مابێتەوە، هەوڵدانە لەگەڵ عێراقییەکان بە شیعە و سوننەیانەوە کە «رەوشی ئێستەی کوردستان- کە شتێك لە دەوڵەت کەمترە» قبووڵ بکەن و لەم ڕێگەیەشەوە لەگەڵ تەواوی عەرەبدا. لێ ئەو هەوڵەی کورد ئەو دەمە سەرکەوتوو دەبێت کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا ریزەکانی کوردایەتی ڕێکبخرێنەوەو گرفتە ناوخۆییەکان چارەسەر بکرێن و پایەکانی بە دامەزراوەبوون مکۆم بکرێن و لەسەر پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەردەوام بن و لەسەر ئاستی پارچەکانی دیکەشدا بە تایبەتی لە باکوور پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری پرسگرێکی کورد بەرەو پێشەوە بڕوات و لە رۆژئاڤاش داعش تێکبشکێندرێ و دەسکەوتەکان بە کانتۆنەکانیشەوە بپارێزرێن و مشتوماڵ بکرێنەوە و بزووتنەوەکانی کورد لە چوارچێوەیەکدا بگەنە یەك کە هەنگاو بە هەنگاو ڕێگە بۆ گەیشتن بە مەرام و مافەکانی کورد بکاتەوە.

**تاکە ڕێگە لەپێش کورددا مابێتەوە، هەوڵدانە لەگەڵ عێراقییەکان بە شیعە و سوننەیانەوە کە «رەوشی ئێستەی کوردستان- کە شتێک لە دەوڵەت کەمترە» قبووڵ بکەن و لەم ڕێگەیەشەوە لەگەڵ تەواوی عەرەبدا. لێ ئەو هەوڵەی کورد ئەو دەمە سەرکەوتوو دەبێت کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا ریزەکانی کوردایەتی ڕێکبخرێنەوە**

**رۆئیای پارتی رووەو سەربەخۆییە، لێ لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا دەبێت بە پارێز و بەدێمکاری بۆ بکرێ و وردە وردە هەوڵی قەناعەتپێهێنانی عێراقییەکان بدرێ کە بە خۆشیی قبووڵی بکەن**



# دانوستاندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بێ ستراتیژیی کوردستان



سەرۆ قادر

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەدرێژایی مێژووی خۆی، هەمیشە ناوچەی شەڕ و کێشمەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بووە. کەلەپووری ئاشووری و کلدانییەکان، سفرەکانی تەورات، ئامۆژگارییەکانی ئینجیل، ئایەتەکانی قورئان، هەموویان لە گەرمەی کێشەکاندا خولقاون و لە توێی خۆیاندا، مێژووی ناکۆکییەکان دەگێڕنەوە. هەروا سەردەمی فەرمانڕەواییە پان و بەرینەکانی ئیسلام، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان، ئەم ناوچەیە لە جەنگ و دابڕانی لێکدیدا بووە. نەوەی ئێمە کە لەگەڵ ڕووداوەکان دەژین، باش لەو مێژووە حاڵی دەبین.

ئێستا ئەم ناوچەیە، گرفتاری بووژانەوەیەکی سەلەفی دژی پێشکەوتنە. هەروەها میراتی کۆلۆنیالیزم و کێشەی پارچە پارچەکردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی کە بە (سایکس – بیکۆ) ناسراوە، هۆکارێکی سەرەکییە لە برەودان بە بووژانەوە سەلەفییەکە. ئەو دوو هۆکارە، زەمینەی بەرهەمهاتنی تیرۆریان ڕەخساندووە. دابەشکردنی ناواقیعییانە و نەگونجاوانەی میراتی عوسمانی، تیرۆرێکی خولقاندووە کە بەربووەتە گیانی هەموو جیهان. هەڵبەت بە شێوەی سەرەکی گڕی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرداوە.

**داستانە تراژیکییەکانی چیای شنگال، بەرخۆدانی شاری کۆبانێ، وەک بەشێک لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی جیهان لە مێژوودا دەمێنێتەوە. ئەو تراژیدیایە دەرەنجامی میراتی سایکس-بیکۆیە. ئەوانە روونترین بەڵگەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سنوورە ئازاردەرانە**

هەموو ئاماژە و بیروڕاکان، بەو ئاقارەدا دەکشێن کە هیچ هێزێك ناتوانێت، ئەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە - سیاسییە ناکۆك و دڕە (سەلەفییەتی توندڕۆ)، لەسەر ئەو جێیە دابمرکێنێت کە سەد ساڵە سایکس- بیکۆ بڕیاری لەسەر داوە. لایەنە ناکۆکە سەرەکییەکان شیعە، سوننە، نەتەوەکانن (کورد، ئیسرائیل، ئامازیغ، ئازەر، بەلووچ). هەردوو لایەنی شیعە و سوننە، لەوپەڕی سەلەفییەتی خۆیاندا سەنگەریان لێکدی گرتووە. نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای دینیدا، چارەسەریان نادرێتێ، بۆیە ناسیۆنالیزمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم قۆناغەدا، زیاتر لە هەمیشە لەگەڵ دیموکراسی و سکولاریزمدا (عەلمانییەت) گونجاون. هەربۆیە بەکردەوەش کەوتوونە بەرەی دژی تیرۆریزمی سەلەفی.

دارماندنی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی هاوکات بوو لەگەڵ دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو بلۆکی دژ بەیەکدیی (سەرمایەداریی رۆژاوا، کۆمۆنیزمی رۆژهەڵات). جەنگی یەکەمی جیهانی، دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە شێوەی سایکس-بیکۆی چەسپاند و لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا، رەواییەکی پشت ئەستوور بە زلهێزە جیهانییەکانی بۆ دابین کرد.

جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەنجامی سەرهەڵدانی توندڕەوییەکی شۆڤێنیستی، لە نێوان هێزە گەورەکانی ئەورووپا و ئاسیا درووست بوو کە ئامانجی دابەشکردنەوەی جیهان هەبوو لە نێوان خۆیان. بووژانەوەی فاشیستی-نازیستی-میلیتاریستی لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و ژاپۆن، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. ئەوان بێ سڵەمینەوە جەنگیان دەستپێکرد و سنوورە پیرۆزەکانیان بەزاند. ئەو هێزانە لەوکاتدا توندوتیژترین شێوازی فەرمانڕەواییان بەکارهێنا. خوێنی یەکتریان حەڵاڵ کردو جەنگی کۆکوژی و قەڵاچۆکردنی نەژادییان دەستپێکرد. هۆلۆکۆست، لەناوبردنی سەدان هەزار پۆلۆنی، چینی، کۆریایی، رووسیایی نموونەی ئەو مێژووە پڕ لە زەبر و زەنگەن.

لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا، کۆمۆنیزم بە فراوانتری بووە جیهانگیر. جەنگی سارد لە نێوان رۆژئاوای سەرمایەدار و رۆژهەڵاتی کۆمۆنیست، بۆ ماوەی چل و پێنج ساڵ بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٩٢ لە ئەنجامی رووخانی یەکێتی سۆڤییێت، ئەو جەنگە بە سەرکەوتنی رۆژاوا کۆتایی هات. لەوێ بەملاوە، بیر لە دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی جیهانی کرایەوە کە تەنیا ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد. یەکێتی سۆڤییێت بە دەرەدی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی چوو. رووسیا کەوتە نشستی.

لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا، دەوڵەتە توندڕۆکان بە هێز رووخێندران. نەخشەی جیهانی سیاسی دەستکاری کرا، ژمارەیەك دەوڵەتی نوێ درووست کران، هەندێك دەوڵەت کە مێژوویەکی درێژیان هەبوو، دابەشکران. لە کۆتایی جەنگی ساردیشدا هەموو دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان رووخان، هەندێك دەوڵەت دابەشکران و دەوڵەتی نوێ هاتنەسەر شانۆی سیاسی. هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێکی ئەمری واقیع لەوکاتدا درووست کرا.

سیستەمی نوێی جیهان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، لە بیست و دوو ساڵی رابردوودا ئۆقرەی بە خۆیەوە نەبینی. لە دەیەی یەکەمی ئەو سیستەمەدا، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە رێکخستنەوەی میراتی کۆمۆنیزمەوە خەریك بوون. ئەوە جیا لە جەنگی کەنداوی فارس. ئەو جەنگەی بووە سەرەتا بۆ هەڵدانەوەی قەپاغی سەلەفییەتی ئیسلامی. لە دەیەی دوومی سیستەمی نوێدا، ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی راکێشرانە ناو جەنگێکی بەردەوام، جەنگی سەلەفییەتی توندڕۆ لە قەندەهار ـەوە تا هەولێر و کۆبانێ.

ئێستا ئەمریکا ستراتیژیی خۆی، لەسەر بنەمای قەڵاچۆکردنی تیرۆر دارشتووە. تیرۆرێك کە جوگرافیایەکی دیاریکراوی نییە. ئەورووپا و ئەمریکاش کەوتوونەتە ناو مەداری تیرۆری ئیسلامی. ئەگەر لە نەوەدەکاندا ئەمریکا شەڕی دەوڵەتە یاغییەکانی دەکرد، ئێستا دەبێ بەدوای بنکە تیرۆرییەکاندا، سنوورەکان ببەزێنێت. وەختی خۆی بۆ لێدانی ئەفغانستان، یان عێراق، پێویستی بە رەزامەندیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. ئێستا پێراناگات رەزامەندی وەربگرێت. نموونەی دیفاع لە هەولێر و کۆبانێ ئەوەی سەلماند کە ناکرێ لەسەر رەزامەندی ئەو دەوڵەتانە و نەتەوە یەکگرتووەکان ماتڵ بێت. ئەو سنووربەزاندنە، داعش سەپاندی. لە شەڕی دووەمی جیهانیشدا، فاشیزم و نازیزم سنوورەکانیان پێشێل کردن.

هەموو ئاماژەکان، بە تەجرەبە مێژووییەکانیشەوە، ئەو باوەڕە تۆخ دەکەن کە پێیوایە سنوورە پیشێلکراوەکان، وەك پێشان درووست ناکرێنەوە. ئینجا چۆن رێکدەخرێنەوە و چ گۆڕانکارییەك روودەدات، جێی باس و پرسیار کردنە. پرسیار ئەوەیە: لە ستراتیژیی ئەمریکادا، چ نەخشەیەك هەیە؟ ئەوان تا ئێستا هیچ روانگەیەك نادرکێنن، بەڵام لە دانوستاندنێکی بەردەوامدان. ئەمریکا و ئەورووپا لە لایەك، رووسیا، ئێران، تورکیا، سعودیە، میسر لە لایەکەی دیکەن. لایەنی بەرامبەری ئەمریکا، گومانی لە کورتکردنی دەستی ئەمریکادا نییە. ئەو پێنج لایەنە

**لە ستراتیژیی دەوڵەتاندا شتێک بەناوی خێر و وەفا و پشتیوانی ئەخلاقییانە بوونی نییە. ئێستا چارەنووسی باشوور و باکوور و رۆژاڤای کوردستان، پێکەوە گرێدراوە. بۆیە ئاستی بەرزی هوشیاریی سیاسی و ئاگایی نەتەوەیی و نیشتمانی پێویستە، نەک حەساسییەت و تۆڵە کردنەوە و خۆبەستنەوە بە لایەنەکانی رکابەرمان**

سەرباری جیاوازییەکانیان، لەو بوارەدا پێکەوە هاوکاری دەکەن. کەواتە پێگەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی موسڵماندا لاوازە. جیا لە ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان، هیچ وڵاتێك بە پوختی و دوور لە یاریکردن بە دیاردەی بەرفراوانی دژی تیرۆری ئیسلامی هاوکاری ناکەن. هەموو هاوپەیمانە سونییەکانی ئەمریکا (سعودیە، قەتەر، ئیمارات، تورکیا) بە شێوەیەك لە شێوەکان، هاوکاری تیرۆر دەکەن. هەندێك لەوانە، مەڵبەندی سەرهەڵدانی فکریی و پەروەردە کردنی سەلەفییەتی تیرۆریستن. ئەوانی دیکە لە کێشە هەرێمییەکەدا، تیرۆر بەکاردێنن. بۆ نموونە وڵاتێکی وەك قەتەر کە پشتی بە پایگا ئەمریکاییەکانی ناو دەوڵەتەکەی گەرمە، نەك هەر یارمەتی تیرۆر دەدات، بەڵکو لە بەرەی شیعە و سوننەدا، ئەو کارتە بەکار دێنێت.

میراتی سایکس- بیکۆ، ئێستا خۆی لە سەرەمەرگدایە. بەشێکی ئەو پشێوییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. ئەگەر لە دابەشکردنی کوردستان رامێنین، بە شێوەیەکی هەندە دڵڕەقانە پارچەپارچە کراوە، سەد ساڵە بواری هیچ سەرکەوتنێك بە تێکۆشانی گەلی کورد بەرەو رزگاری نادات. ئێستا لە تەنگژەی سەرەمەرگیی ئەو میراتەدا، بەشێوەیەکی تراژیك، سەرنج و هاوکاری دنیا رادەکێشێت. لە بەشی باشووری کوردستان، دوای ئەنفالکران و راگواستنی گوند و شارەکان و کۆڕەوی ملیۆنەهایی، ئینجا بەهانایەوە هاتن. هەروەها لە کارەساتەکانی (شنگال و کۆبانێ) دا کۆکوژی و وێرانکردن، هەموو جیهانییانی بۆ لای خۆی پەلکێش کرد، ئەوجا بە هانایان هاتن. لە هەر سێ بە هاناهاتنەکەدا، ئەمریکا و ئەوروپا ناچار بوون، سنوورە پیرۆزەکانی سایکس-بیکۆ ببەزێنن.

پێویستە نموونەیەکی دیکە لە رەقی و لەبەرچاونەگرتنی کورد (وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ)، لە کێشانی سنووری نێوان تورکیا، سووریا، عێراق بێنمەوە. شنگال لەسەر کوردستانی باشوورە، کەچی هیچ سنوورێکی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان نییە. دەبوا لەو کاتدا وەك بەشێکی رۆژاڤای کوردستان دابندرێت. کۆبانێ، دەبوا لەسەر کوردستانی باکوور بێت، کەچی لەسەر رۆژاڤایە و هیچ سنوورێکی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستانی رۆژاڤا نییە. عەفرین هەر وەکو کۆبانێ، دەبوا لەسەر باکوور بێت، کەچی سەربە رۆژاڤایە. ئەویش هیچ سنوورێکی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی رۆژاڤا نییە. ئەم سێ (دوورگە) کوردییە، بە سنووری ئاسایی خۆیان بێت، درێژبوونەوەی کوردستانن. بەڵام بە سنووری سایکس- بیکۆ، بوونەتە دوورگە. وەختێك پەلارمار دران، رێگەی بەهاناوەچوونیان نەبوو. هەر ئەوەش کردینیە جێی سەرنجی جیهانییان. داستانە تراژیکییەکانی چیای شنگال، بەرخۆدانی شاری کۆبانێ، وەك بەشێك لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی جیهان، لە مێژوودا دەمێنێتەوە. ئەو تراژیدیایە دەرەنجامی میراتی سایکس-بیکۆیە. ئەوانە روونترین بەڵگەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سنوورە ئازاردەرانە.

تەقینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر بنەمای جەنگی دینییە. توندڕۆیی ئیسلامی، شەڕی لە دژی هەموو دینەکانی ناوچەکە و جیهان دەستپێکردووە. جەنگی بەردەوامی حەماس و حزبوڵڵا، لە دژی ئیسڕائیل، جەنگی داعش لە دژی دینەکانی ئێزیدی و مەسیحی و کاکەیی (عەلەوی)، جەنگی توندڕۆکانی سوننە و شیعە دژی یەکتری، ئەو راستییە دەردەخەن.

نەتەوەکانی بێبەش بریتین لە کورد، ئەمازیغ، بەلووچ، ئازەر. ئەوانە بەشێوەی جیاجیا، داوای دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەکەن. ئەو نەتەوانە، نیوە بە نیوە لە نێوان جیهانی سوننە و شیعە دابەش بوون. دەوڵەتی ئیسڕائیل وەك دین و نەتەوە دژایەتی دەکرێ. ئەو نەتەوانە، ئەو بەشەی پێکهاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە لە سایکس-بیکۆدا کرانە قوربانی، لە دابەشکردنی کۆڵۆنیالیزمدا هیچ حیسابێك بۆ ئەو نەتەوانە نەکرا. تەنانەت یاسا نێودەوڵەتییەکانیش وەك بەربەستی لەبن نەهاتوو، لە دژیان بەکاردەهێندرێت.

ستراتیژیی کۆن و راگەیەندراوی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەکان، دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە، کرانەوەی دیموکراتییانەیە. لەسەر ئەو بنەمایانە دیفاعی لە سعوودیە و دەوڵەتەکانی کەنداوی فارس دەکرد، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کرانەوەی دیموکراتییانە. کەچی لە وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جەختی لەسەر کرانەوە دەکرد. دە ساڵ بەر لە ئێستا، نەخشەڕێگە بۆ کرانەوەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راگەیاندرا. ئەنجامی ئەو ناکۆکییە لە مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچەیەدا تەبدیل بوونی سعوودیە و کەنداو بوو، بۆ بەرهەمهێنانی سەلەفییەتێکی کوێر کە هیچ پێشکەوتنێك لە ناوچەکە و دواجار لە جیهان قبووڵ ناکات. لە سی و پێنج ساڵی رابردوودا دەسەڵات و سامانی کەنداوی فارس، خرایە خزمەت درووستکردنی، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و بزووتنەوەی سەلەفی. ئەو بزووتنەوە و قوتابخانانە، نەك هەر کۆمەڵی ناوخۆی کەنداویان سەلەفییانە پەروەردە کرد، بەڵکو ستراتیژیی دیراسەکراویان هەبوو،

**ئەو دۆخە ناجێگیرەی کوردستان کە بەسەر ئەدای حکوومەتی کوردستان بۆ یەکپارچەیی و خۆپاراستن رەنگی داوەتەوە. بەشێک لە بزووتنەوەی سیاسی کاریگەر، رووی لە مانەوە لەگەڵ عێراقدایە، خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران گونجاندووە**

**رۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارودۆخێکی نالەبار و لاوازدایە. بۆیە جیا لە پەرت و بڵاوییان روانگەیەکی روونیان بۆ داهاتوو درووست نەکردووە**



**میراتی سایکس- بیکۆ، ئێستا خۆی لە سەرەمەرگدایە. بەشێکی ئەو پشێوییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. ئەگەر لە دابەشکردنی کوردستان رامێنین، بە شێوەیەکی هەندە دڵڕەقانە پارچەپارچە کراوە، سەد ساڵە بواری هیچ سەرکەوتنێک بە تێکۆشانی گەلی کورد بەرەو رزگاری نادات**

بۆ پەروەردەکردنی کادری تۆندڕۆ لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی. هەمان سیاسەتیان بۆ کۆچبەرانی موسڵمان لە ئەوروپا و ئەمریکا هەبوو.

دەوڵەتی سعوودیە، بەرنامەی بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دیکەی وڵاتانی ئیسلامی هەبوو. لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، دەرگای لەسەر ئیخوانەکان کردەوە. کەنداو، بەتایبەتی سعوودیە بووە پەناگای سەرەکی ئیخوان. لە پاکستان و ئەفغانستان، مقاوەمەتی ئیسلامییان درووست کرد. سەرەنجامی ئەو سیاسەتە درووستبوونی تالیبان و ئەلقاعیدە و بوکو حەرام و داعش و ئەلنوسرە بوو. لە سێ دەیەی رابردوودا سەلەفییەتی توندڕۆ و تەکفیریی، دینی ئیسلامی لە مزگەوت و زیارەتگاکان را هێنایە ناو شەقامەکان و کردییە دینێکی سیاسی نەگونجاو. ئەنجامی ئەو پەروەردەیە، درووستبوونی هەزاران کادری توندڕۆ بوو. ئەوانە هەزارەها گەنجیان بۆ چەمکی نوێی جیهاد تا رادەی ئینتحاریی، ئامادە کرد. دینێك درووست بوو کە مردن ئامانجیەتی.

بەروبوومی نەخشەڕێگەی ئەمریکا بۆ کرانەوەی دیموکراتییانە، ئەو رووداوانەن کە لە چوار ساڵی رابردوودا لە وڵاتانی عەرەبی روویان دا. رژێمە دیکتاتۆرە ناسیۆنالیستەکان، کەوتنە ژێر گوشار. جووڵانی کۆمەڵایەتی دەستیپێکرد. تا ئەوکات چالاکی فکریی و سیاسی لەو دەوڵەتانە قەدەغە بوو. بۆیە

**ئەگەر کوردستانیش نەبێتە لایەنێکی بەهێز و روانگەی خۆی روون نەکاتەوە، دەکریتە پارسەنگ و قوربانی بەرژەوەندییەکانی دیکە. لە ستراتیژیی دەوڵەتاندا شتێک بەناوی خێر و وەفا و پشتیوانی ئەخلاقییانە بوونی نییە. ئێستا چارەنووسی باشوور و باکوور و رۆژاڤای کوردستان، پێکەوە گرێدراوە**


سەد ساڵە کورد خەبات بۆ تێکشاندنی سنوورەکانی سایکس پیکۆ دەکات و ئێستا نەخشەی ڕێگا بۆ سەربەخۆیی دادەڕێژێت

**سێ هێزی سەرەکی پێویستە ڕوانگەیان یەکبخەن و ستراتیژیی کوردستان دیاری بکەن. ئەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان( پەکەکە )یە**

لەگەڵ درز پێ هەڵگرتنی ڕژێمەکان، فکری سەلەفی توندڕۆ بە خێرایی پەرەی سەند. کۆمەڵی عەرەبی هیچ ئاشنایی لەگەڵ فکری دیموکراسی نەبوو. لە ئەنجامیدا هەڵبـــژاردن و ئازادی بووە غەنیمەتێك بۆ تۆندڕۆکانی ئیســــلامی. لە هیچ وڵاتێکی عەرەبی، دیموکراســـی نەهاتە پێشـــەوە. تەنیا لەم دواییەدا گۆڕانکارییەك لە تونس ڕوویداوە.

ئێســـتا هیچ پڕۆژەیـــەك، بە ناوی نەخشـــەڕێگە و کرانەوەی دیموکراســـی، نەماوە. هەموو لایەك، باسی قوتارکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لە چنگ بەڵای توندڕۆیی ئیســـلامی دەکەن. ئەو توندڕۆییە، ئێســـتا بووەتە تیرۆری ڕاســـتەوخۆ. ئەمریـــکا و ئەورووپا، بۆ نموونەی دیموکراسی و کرانەوە، تەنیا باسی ئیسرائیل و کوردستان دەکەن. لە بەرەی مقابیلدا، هەرسێك لایەنی موســـڵمان (سعوودیە، ئێران، تورکیا ) ئەو دوو نموونەیە بە باش نازانن.

پێویســـتە بپرســـین: ئەو ســـێ لایەنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ ستراتیژییەکیان هەیە؟ ئەوەی ڕاگەیەندراوە و لە سیاســـەتی پێچاوپێچدا دەبیندرێت، ئاوها وەسف دەکرێت: تورکیا بە دوای گێڕانەوەی بەشێك لە میرات و شانازییەکانی عوسمانییەوەیە. چاوی لە سەرکردایەتی کردنی جیهانی ســـوننەیە. ســـامانی ئەو ناوچەیە، بە جوغزی بەرژەوەندییە ســـتراتیژییەکانی خۆی دەزانێت. بۆ ئەو مەبەســـتەش سیاسەتێکی پێچاوپێچ و ئاڵۆز و

**کورد پێویستە بە هێزەوە لە دانوستاندنەکان ئاگادار و بەشدار بێت. ئەگینا بە دەستی بەتاڵ، بە ماڵی وێران و بەردەوامی دابەشکران دەکەوێتەوە پەراوێز. ئێستا کورد دەتوانێت ڕێگە لەو چارەنووسەی بگرێت و بۆ بەرژەوەندی خۆی بینووسێتەوە**



**تورکیا بە دوای گێڕانەوەی بەشێک لە میرات و شانازییەکانی عوسمانییەوەیە. چاوی لە سەرکردایەتی کردنی جیهانی سوننەیە. سامانی ئەو ناوچەیە، بە جوغزی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی دەزانێت. بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتێکی پێچاوپێچ و ئاڵۆز و ناکۆکی گرتۆتەبەر**

**لە سێ دەیەی رابردوودا سەلەفییەتی توندڕۆ و تەکفیری، دینی ئیسلامی لە مزگەوت و زیارەتگاکان را هێنایە ناو شەقامەکان و کردییە دینێکی سیاسی نەگونجاو. ئەنجامی ئەو پەروەردەیە، دروستبوونی هەزاران کادری توندڕۆ بوو. ئەوانە هەزارەها گەنجیان بۆ چەمکی نوێی جیهاد تا رادەی ئینتحاریی، ئامادە کرد. دینێک دروست بوو کە مردن ئامانجیەتی**

ناکۆکی گرتۆتەبەر. تورکیا دوورخستنەوەی ئەمریکا، ئێران، سعوودیە و میسر، بە زامنکاری بەرژەوەندییەکانی خۆی دادەنێت.

سعوودیە (بە هاوکاری میسر) دەیەوێت سەرکردایەتی جیهانی ئیسلام بکات، لە دیزاینی جیاوازدا کۆمەڵی خۆی و وڵاتانی موسڵمان، لە تەقلیدییەتی سەلەفیدا بهێڵێتەوە. جەنگێکی عەقیدەیی توندی لە دژی ئێرانی شیعە راگەیاندووە. هەروەها دەیەوێ سامانی نەوتی خۆی و جیرانەکانی بپارێزێت. بۆ ئەو ئامانجە، دەیەوێ لە بەرهەمهێنان و پشتیوانیکردنی، بزووتنەوە تۆندڕۆکان (بە تیرۆریستەکانیشەوە) بەردەوام بێت. سعوودیە لە ئایدیۆلۆژیای سەلەفیدا، بەدیلی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی، لە توێشەدایە.

پرۆژەی میسر، گەڕانەوەیە بۆ پێگەی جارانی؛ دەوڵەتێکی عەسکەرتاریی، نیوە مەدەنی، دەمڕاستی ناسیۆنالیزمی پاشکەوتوو و دیکتاتۆریی عەرەبی. هەڵبەت بە هاوکاری و پشتیوانی سعوودیە. میسر خۆی بە پاسەوانی سنووری ئێستای وڵاتانی عەرەبی دەزانێت.

تورکیا و سعوودیە و میسر، میراتێکی مێژوویی پڕ حەساسییەتیان لە نێواندایە. بۆیە ناتوانن پێکەوە کۆببنەوە. ئەو گۆشەگیرییەی تورکیا تیایدا دەژیت، بەشێکی بۆ ئەو حەساسییەتە دەگەڕێتەوە. بەشەکەی دیکەی گۆشەگیرییەکە، پەیوەندی بە ستراتیژیی ناکۆک و ناڕاستگۆیانەی ئەو وڵاتەوە هەیە.

ئێران سەردار و بیرداری جیهانی شیعەیە. تا ئێستا پابەندە بە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی- شیعی. هەنگاوی یەکەمی ستراتیژییەکەی پەرەپێدانی کەوانەی شیعەیە (هلال تشیع). ئێران ستراتیژییەکی فراوانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. لەوێدا خۆی بە خاوەن بەرژەوەندی لە هەر گۆڕانکارییەکدا دەزانێت. لە فەلەستین تا کوردستان، بەرەو ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست. ئێران بەرەنگاربوونەوەی سعوودیە و تورکیا بە بەشی هەرە گرنگی ستراتیژیی خۆی دەزانێت. لەم دواییەدا دژایەتی ئەمریکا، کاڵتر بووەتەوە و ئێران لە دانوستاندنی راستەوخۆدایە لەگەڵ ئەمریکا.

ئیسرائیل هاوپەیمانی نەگۆڕی رۆژاوایە. پاراستنی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی ستراتیژیی عەرەب، ئێران و تورکیادا دەبینێت. دۆستایەتی خۆی بۆ کورد ناشارێتەوە. ئەو وڵاتە هێزێکی سوپایی گەورەی نییە، جیا لە پاراستنی خۆی، ناتوانێت راستەوخۆ هیچ جموجۆڵێك لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا بکات. کاریگەری ئیسرائیل لەو لۆبییە بەهێزانەدایە کە لە ئەمریکا و ئەورووپادا هەیەتی.

ئێستا دوای چوار ساڵ، دەبینین بەهاری عەرەبی، بە زاڵبوونی توندڕۆیی سەلەفییەتی ئیسلامی کۆتایی هات. دەرگای بۆ بڵاوبوونەوەی تیرۆر کردەوە. لاباڵی دیموکراتییانەی ناو وڵاتە عەرەبییەکانی لەبار برد. ئەلتەرناتیڤی دیموکراسی، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا لە چوار کۆمەڵدا (دەوڵەت) باس دەکرێت؛ ئیسرائیل، تورکیا، کوردستان، تونس. هەڵبەت دیموکراسی تورکیا لەبەردەم تاقیکردنەوەدایە.

کوردستان لەو قەیران و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانە، لە کام بەرە وەستاوە؟ ستراتیژییەکەی چییە؟ وڵاتەکەمان کەوتە ناو چەقی شەڕ و پێکدادانەکان، زۆرترین زیانی مرۆیی و ماددی پێ کەوتووە. ئێستا لە بەرەی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردایە. پشتیوانییەکی شایانی باسی لیدەکرێت. لە هەموو بارێکدا، مەنتق وادەخوازێت کورد لەگەڵ گۆڕانکاریدا بێت. بۆ هەندێش پێویستە روانگە و ستراتیژیی روونی خۆی هەبێت. کوردستان دەوڵەت نییە. یاسا نێودەوڵەتییەکان تا ئێستاش بە ناڕەوا رێی لێدەگرن لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی تێکەڵ بێت. سێ بەرەی بەهێزی رۆژهەڵاتی ئیسلامی (ئێران، تورکیا، عەرەب)، رێگە لە یەکگرتن و سەربەخۆییەکەی



دەگرن. کوردستان توانای لەبەرچاو نەگرتنی ئەوانەی نییە. بۆیە بە کردەوە دۆستایەتییان دەکات.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان، چ لە هەرێمی باشوور، یان سێ پارچەکەی دیکە، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرۆك بارزانی)، روویان لە سەربەخۆیی نییە. بۆیە دەکرێ بڵێین کورد ستراتیژیی بۆ سەربەخۆیی نییە. لە ناو هەرێمی کوردستاندا، یەك روانگایی بۆ ئایندە نییە. لە باکوور و رۆژاڤادا، ستراتیژیی نیوەچڵ بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و سووریا هەیە. رۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارودۆخێکی نالەبار و لاوازدایە. بۆیە جیا لە پەرت و بڵاوییان روانگەیەکی روونیان بۆ داهاتوو دروست نەکردووە.

ئەو دۆخە ناجێگیرەی کوردستان کە بەسەر ئەدای حکوومەتی کوردستان بۆ یەکپارچەیی و خۆپاراستن رەنگی داوەتەوە. بەشێك لە بزووتنەوەی سیاسی کاریگەر، رووی لە مانەوە لەگەڵ عێراقدایە، خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران گونجاندووە. لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، سێ هێزی سەرەکی پێویستە روانگەیان یەکبخەن و ستراتیژیی کوردستان دیاری بکەن. ئەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە)یە.

ئەمریکا و ئێران، هەروەها ئەوانە و تورکیا و سعوودیە، بەردەوام لەگەڵ یەکدی لە دانوستاندندان لەسەر داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان، لە کێشە و دمبەدمەدان. ئەگەر کوردستانیش نەبێتە لایەنێکی بەهێز و روانگەی خۆی روون نەکاتەوە، دەکرێتە پارسەنگ و قوربانی بەرژەوەندییەکانی دیکە. لە ستراتیژیی دەوڵەتاندا شتێك بەناوی خێر و وەفا و پشتیوانی ئەخلاقییانە بوونی نییە. ئێستا چارەنووسی باشوور و باکوور و رۆژاڤای کوردستان، پێکەوە گرێدراوە. بۆیە ئاستی بەرزی هوشیاریی سیاسی و ئاگایی نەتەوەیی و نیشتمانی پێویستە، نەك حەساسییەت و تۆڵە کردنەوە و خۆبەستنەوە بە لایەنەکانی رکابەرمان. بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا، مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستانێکی یەکدەنگ ئاسانترە و دەکرێ حیسابیان بۆ بکەن. کورد پێویستە بە هێزەوە لە دانوستاندنەکان ئاگادار و بەشدار بێت. ئەگینا بە دەستی بەتاڵ، بە ماڵی وێران و بەردەوامی دابەشکران دەکەوێتەوە پەراوێز. ئێستا کورد دەتوانێت رێگە لەو چارەنووسەی بگرێت و بۆ بەرژەوەندی خۆی بینووسێتەوە.

**میراتی سایکس- بیکۆ، ئێستا خۆی لە سەرەمەرگدایە. بەشێکی ئەو بشێوییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوێوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. ئەگەر لە دابەشکردنی کوردستان رامێنین، بە شێوەیەکی هەندە دڵڕەقانە پارچەپارچە کراوە، سەد ساڵە بواری هیچ سەرکەوتنێک بە تێکۆشانی گەلی کورد بەرەو رزگاری نادات**

**جیا لە ئیسڕائیل و هەرێمی کوردستان، هیچ وڵاتێک بە پوختی و دوور لە یاریکردن بە دیاردەی بەرفراوانی دژی تیرۆری ئیسلامی هاوکاری ناکەن. هەموو هاوپەیمانە سونییەکانی ئەمریکا (سعودیە، قەتەر، ئیمارات، تورکیا) بە شێوەیەک لە شێوەکان، هاوکاری تیرۆر دەکەن**

**پرۆفیسۆر عەلەم پایەند**
**سەرۆکی سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆهایۆ بۆ گوڵان:**

# شەڕی هێزی پێشمەرگە لە دژی تیرۆریستانی داعش و ئاستی بەرگریکردنی لە وڵاتی خۆی جیهانی سەرسام کردووە



**پرۆفیسۆر عەلەم پایەند سەرۆکی سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆهایۆ و یەکێکە لە ئوستادەکانی پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتی بۆ زمان و کەلتوور لە رۆژهەڵاتی نزیکدا، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی تیرۆریستانی داعش وەك رێکخراوێك کە ناویان لە خۆیان ناوە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و هەڵوەستەکردن لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە لەسەر رەفتارە درندەکانی داعش ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر پایەند ئەنجامداوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** داعش دۆخێکی زۆر جیاوازی دروست کردووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەش بۆ جیهان سەلمێنراوە کە جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە هێزێکی دیکە نییە بەرەنگاری داعش ببێتەوە، ئایا تا چ رادەیەك کورد وەك نەتەوەیەك سەلماندوویانە کە لە بەرەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمن؟**

ـ مایەی سەرسامییە کە کورد بەو ئاستە بەرگری لە وڵاتی خۆیان و لە منداڵی خۆیان دەکەن، دژی رێکخراوێك کە ناوی لە خۆی ناوە رێکخراوێکی ئیسلامی، بەڵام چەندەها کردەوە دەکات کە نائیسلامین. ئیسلام رێگە نادات موڵکی کەسێکی دیکە، یان ماڵ و منداڵەکەی زەوت بکەیت، بە بێ رێو شوێنی قەزائی، وەك شایەت. ئیسلام رێگە بە کوشتن دەدات، بەڵام لە سایەی هەلومەرجی زۆر توندا، حاڵەتی بەرگری لە خۆکردن یەکێکە لەو حاڵەتانە، ئەگەر کەسێك بێت و دزی لە ماڵەکەت بکات و تەقەی لێبکەیت و بکوژرێت. ئەوانە چەند کەیسێکن، یان موسڵمانێك لە ئایینی ئیسلام لادەدات، ئەویش لە سایەی هەلومەرجی زۆر توندا، بەڵام داعش هەموو جۆرە کوشتارێك دەکات، بە بێ ئەوەی رەچاوی هەلومەرجە گونجاوە ئیسلامییەکان بکات. چەندین کار ئەنجام دەدەن کە زۆر دوورن لە ئیسلامەوە، وەك کوشتنی رەشەکوژانە و بۆردومانی کوێرانەی شارەکان، بەڵام ئەوەی پێشمەرگە دەیکات، تا رادەیەکی زۆر کارێکی ئیسلامییانەیە.

*** ئێزیدییەکان دووچاری کوشتار و بە کۆیلەکردن بوونەتەوە، هەروەها کچان و ئافرەتانیان لە بازاڕەکاندا فرۆشران و سووکایەتیان پێکرا، سەرەڕای ئەوەش هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرجەم ئاوارە ناوخۆییەکانی کردووە، بە ئێزیدی و مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکەوە، کە ئەمە عەرەبەکانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەوانیش ئاوارەی ناوخۆیین لە وڵاتەکەدا، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلتووری لێبوردەیی لە ناوچەکەدا؟**

ـ سەرەتا ئیسلام ئایینێکە کە خەڵکی ناچار ناکات بۆ ئەوەی بێنە ناو ئیسلامەوە، رێگەش نادات دەست بەسەر کڵێسایەك، یاخود پەرستگای جوولەکەیەکدا بگیرێت و بکرێتە مزگەوت. ئیسلام رێگەی بە بانگخوازی (دەعوە) داوە، بەڵام رێگەی بە کوشتنی مەسیحییەکان و ئێزیدییەکان و زەوتکردنی موڵك و ماڵەکانی نەداوە، یان هەر کەسێك بکوژرێت. ئەگەر ئیسلام ئەم کارەی بکردایە، ئەوا ئیسلام بڵاو نەدەبۆوە بۆ ئیسپانیا و بۆ چین و بۆ ئەفغانستان، ئیسلام بە زەبر و زەنگ بڵاو نەبۆتەوە، بەڵکو لە رێی تەبلیغەوە بڵاوبۆتەوەو خەڵکیش قبووڵیان کردووە. راستە لە مێژووی ئیسلامدا هەندێك داگیرکاریی و ناچارکردن بە گۆڕینی ئایین روویداوە. بەڵام مەسیحی و جوولەکەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ژیاون، ئیسلامیش لێبوردە بووە لە ئاست ئایینەکانی دیکە و پاراستوونی. کاتێك سەیری فیقە دەکەین، لە شەریعەدا، و کاتێك سەیری «حق الذمة» دەکەین، ئەوا ئەو غەیرە موسڵمانانەی لە نێو موسڵمانەکاندا دەژیان، ماف و ئەرکی خۆیان هەبوو. بەڵام تێکەڵ و پێکەڵێەك دەبینین، چونکە هەموو کارێك بە ناوی ئیسلامەوە ئەنجام دەدەن، کە ئیسلام نە رێگەی پێ دەدات و نە چاوپۆشی لێدەکات، ئەگەر وا نەبوایە ئەوا ئەم هەموو مەسیحی و جوولەکانەی لە وڵاتانی مەغریب و تونس و جەزائیر و میسر و عێراق و سووریا نەدەمانەوە، لە سووریادا پێکهاتەی گەورەی مەسیحی هەبوون و ئێستاش بوونیان هەیە، لە عێراق و ئێران و تورکیادا جوولەکە و مەسیحی هەن و بە چەندین سەدەیە بە تەبایی پێکەوە دەژین، کەسیش نەچووە ئەم هەموو کەسانە بکوژێت، تەنیا لەبەر ئەوەی مەسیحی و جوولەکە و ئێزیدین. بەڕاستی ئەم تاوانکارییانە شتێکی نوێیە و هەر کەسێك شەڕ دژی ئەم بێمانایە بکات، ئەوا بەرگری لە ماڵ و منداڵ و مزگەوتی خۆی دەکات.

*** داعش لە عێراقدا ناوچەکانی بەسەر شیعە و سوننەدا دابەش کردووە، ئەمەش دابڕانێکی لە نێوان تایەفەی شیعە و سوننەدا دروست کردووەو چارەسەرکردنیشی زەحمەت بووە، لەبەر ئەوەی پێدەچێت شەڕەکە بەرەو شەڕێکی تایەفەگەری بڕوات، لەلایەکی دیکەوە ئێران رۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت لە گەمە ئیقلیمیەکەدا، ئایا تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی پەلکێشکردنی وڵاتانی کەنداو بۆ ناو ئەم ناکۆکییە؟**

ـــ ئێرانیەکانیش کارێکی باش ناکەن، سیاسییەکانی دەسەڵاتی ئێران پشتیوانی بەشار ئەسەدیان کردووە و پارەیان بۆ دابین کردن و حزبوڵاش شان بە شانی ئەو شەڕی کرد، تەنیا لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی ئەون. لەبەر ئەوە ئێرانیش هەندێ لە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. هەروەها رووسیاش هەندێ لە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. بەشار ئەسەدیش خەڵکەکەی خۆی دەکوشت و ئەویش هەمان کارەکەی داعشی دەکرد، سوننەکانی پەراوێز دەخست و ئەفسەرە سوننەکانی دەردەکردو خەڵکی لە حەمما دەکوشت، حافز ئەلئەسەدو بەشار ئەسەدیش-خەڵکیان لەوێدا کوشت-، لەبەرئەوە ئەوان ئەو کارەیان دەکرد و ئێرانیش پشتیوانی کردن. لەبەر ئەوە ئێرانیش رۆڵێکی یارمەتیدەری نەبینیوە، یەکێك لەو وڵاتانەی هەڵوێستێکی زۆر باشی هەبووە بریتییە لە تورکیا، هەر لە سەرەتاوە تورکیا گوتی: بەشار ئەل ئەسەد نزیکەی ٣٠٠ هەزار خەڵکی خۆی کوشتووە کە

**لە مێژووی ئیسلامدا مەسیحی و جوولەکەکان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ژیاون، ئیسلامیش لێبوردە بووە لە ئاست ئایینەکانی دیکە و پاراستوونی**

**ئەگەر داعش زیرەک بوونایە، ئەو کارانەیان نەدەکرد کە کردیان، لە کوشتن و سەربڕینی خەڵک و سووتاندن و بۆردومانکردنی شوێنەکان، لە سەدەی بیست و یەکدا کەس ئەم دڕەندەییەی ناوێت. دەیانتوانی حکومەتێکی میانڕەو دروست بکەن، خەڵکی بەرەوپیریان دەچوون و پشتیوانی دەکردن**

**بۆچی پێشمەرگە بە تەنها ئەم شەڕە بکات؟ بۆچی پیاوان و ئافرەتانی ئەوان بچنە بەرەی پێشەوە و بمرن؟ ئایا عەرەبەکانی دیکە چی دەکەن، بەو هەموو پارەو چەک و پشتیوانییەی هەیانە؟ بە ملیارەها دۆلار دەچێتە وڵاتانەوە لە رووی چەک و تانک و فڕۆکە، چی لەمانە دەکەن؟**

**پێش هەموو شتێک پێویستە وڵاتە عەرەبییەکان، سعودیە و ئیمارات و کوەیت و قەتەر و میسر، کە سوپایان هەیە و فڕۆکەیان هەیەو کەلوپەلی سەربازی و چەکی زۆر مۆدێرنیان هەیە، بچن شەڕی داعش بکەن، بۆچی کەسێکی دیکە بچێت و شەڕیان بۆ بکات؟**

زۆربەیان سوننەن. ئێستاش ئەو حوکمڕانییەکی سەربازی دەکات و چەك لە رووسیا وەردەگرێت و چەك لە ئێران و لە پاسداران و لە گاردی شۆڕشگێری وەردەگرێت. لەبەر ئەوە، ئێرانیش رۆڵێکی بنیاتنەر نابینێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێرانیش بە هەمان ئەندازە ئۆباڵی لە ئەستۆیە لـەو کارانەی کە داعــش ئەنجامــی دەدات، چونکە ئێرانیش پشتیوانی کەسێکی دڵڕەقی کردووە، کە بەشار ئەلئەسەدە. بەشار ئەلئەسەد سوننەکانی پەراوێز کردووە لە ســووریا، مالیکش بە هاوکاری ئەمریکا سوننەکانی لە عێراقدا پەراوێز خست. هەر ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی کە عێراقییەکان راپەڕن. بەڵام ئەوە جۆرێك بوو لە راگەیاندنی شەڕ لە دژی سوننە لە سووریا، جۆرێك بوو لە راگەیاندنی شەڕ لە دژی سوننە لە عێراق. جگە لە تورکیا، چونکە تورکیا هەڵوێستێکی زۆر مەبدەئییانەی هەبوو، بەڵام ســعوودیە و قەتــەر و جامیعەی عەرەبی کارێکیان نەکرد بۆ رێگەگرتن لەو کارەی بەشار ئەسەد دەیکرد لە ســووریا، جامیعەی عەرەبی هیچ کارێکی نەکــرد بۆ رێگەگرتن لە نوری ئەلمالیکی، لە کۆتاییدا دەرئەنجامی ئەم سیاســەتە دەرەکییەمــان لە عێراق و سووریا بینی.

*** عێــراق دەبێت دابەش بکرێت بۆ پێش و دوای هاتنی داعــش، هەروەها داعــش هێرش دەکاتە ســەر ناوچە کوردییەکانیش و هەر دەبێت ئەم کێشــەیەش چارەســەر بکرێت، بەڵام تێکشــکاندنی داعش پێویستی بە هێزی زەمینی هەیەو لە شــەڕەکانی ئــەم دواییە لە بەنداوی موســڵ و زوممار دەرکەوت کە پێشمەرگە پێویستی بە چەکــی قورس هەیە بۆ تێکشــکاندنی داعش، ئایا تا چەند گرنگە چەکی قورس و نوێ بە پێشمەرگە بدرێت، بۆ ئەوەی لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو بن؟**

ـ ئەوە راســتە لە عێراقدا کە شیعە زۆرینەن و زۆرینەی کوردەکانیش ســوننە مەزهەبن، عەرەبە ســوننەکانیش لەلایــەن حکومەتەکەی نــوری ئەلمالیکییەوە پەراوێز خران، ئێســتاش کە حکومەتی نوێ دەســتبەکار بووە، دەبێت ئەو ســوننانە بهێنێتەوە کە نائومێد و تووڕەن. بە فەرامۆشــکردنی ســوننەکان، ئیدی کوردی سوننە بن یاخود عەرەب، ئەوا حکومەتەکەی مالیکی و پشتیوانە شیعەکانی دوای رۆیشتنی سەددام ویستیان هەر شتێك ئەنجــام بدەن کە بیانەوێت، ئەمــە هەڵەیەکی گەورەی حیســاباتی ئەوان بوو. ئێرانیش پشــتیوانی مالیکی و بەشار ئەسەدی کرد. رەنگە چەك بە پێشمەرگە و ئەوانی دیکە بدرێت بۆ پاراســتنی خۆیان، بەڵام پێموایە نابێت رێگە بە دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو ناوچەیەدا بدەن لەبەر ئەوەی زۆر زیانبەخشە و دەبێتە هۆیی ناکۆکیی زیاتری شیعە و سوننە و ئەمەش مەترسیدار دەبێت و نابێت یاری بە ئاگر بکرێت، نابێت نە سوننە هێرش بکاتە سەر شیعە و نە شــیعەکانیش هێرش بکەنە سەر سوننەکان، ئەگەر ئەم کارە بکەن، ئەوا کێشەیەکی زۆر بۆ ناوچەکە دروست دەبێت. دەبێت ســوننەکانیش خۆیان لــەوە لابدەن. نابێت لەبەر ئەوەی کە نوری مالیکی و بەشار ئەسەد هەڵەیان کردووە، تۆڵە لە شــیعە بکەنــەوە، ئەمە دەبێتە گەڕی دووەم و مەترسی زیاتر دروست دەکات.

*** ئایا یەکلاییکردنەوەی شەڕی تیرۆریستانی داعش تا چەند پێویستی بە هێزی زەمینی هەیە و تاچەند گورزە ئاسمانییەکان زەمینەی لە ناوبردنی داعش دەڕەخسێنن؟**

ـ ئەگەر گورزی ئاسمانی سەرکەوتوو بووایە، ئەوا ئەمریکا لە شەڕی ڤێتنامدا ســەرکەوتوو دەبوو، ئەگەر گورزی ئاسمانی ســەرکەوتوو بوایە، ئەوا یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستاندا سەرکەوتوو دەبوو، لە ١٩٧٩ـەوە بۆ ١٩٨٩ بۆردومانی ئەفغانســتانیان کرد و سەرکەوتوو نەبوون. هێزێکی ئەمریکا لە ١١ی ســێپتەمبەری ٢٠٠١ـەوە تا ئەمســاڵ واتە بۆ ١٤ ســاڵە لە ئەفغانستانن و هێشتا ئەمریــکا ســەرکەوتوو نەبووە، کارەکە بــە بۆردومانی ئاســمانی ناکرێت، ئەوەی کارەکەی پێ دەکرێت، ئەوەیە پرســیار بکرێت بۆچی ئەمریکا هێــزی زەمینی بڵاو نەکردەوە، بۆچی ســعودیە ئیمارات و کوەیت و قەتەر و مەغریب و میسر و تونس و جەزائیر، جامیعەی عەرەبی ئەم کارەیان نەکرد؟ بۆچی ئەوان هێزیان بڵاو نەکردەوە؟ پێویســتە ئەوان هێز بڵاوبکەنەوە، گومان لەوەدا نییە کە پێویســتە هێزی زەمینی بڵاو بکرێتەوە. بۆچی کورد بە تەنیا پیاوان و ئافرەتانی خۆیان بنێرن بۆ شــەڕی دژ بە تیرۆر؟ بەڵام ئایا وڵاتە عەرەبییە دەوڵەمەند بە نەوتەکان چی دەکەن؟ ئایا عێراق چی دەکات؟ بۆچی حکومەتی عێراق شکســتی هێنا؟، چونکە ئــەم کارەیان نەکرد و هەڵاتــن. دەبێت وڵاتانی عەرەبــی هێزی زەمینی بڵاو بکەنەوەو نابێــت داوا لە ئەمریکا بکەن ئەم کارە بکات، ئەمریکا شــەکەت و وەڕس بوو لە ناردنی رۆڵەکانی بۆ عێراق و ئەفغانســتان بۆ ئــەوەی بمرن. ئێوە دەبێت ئەو کارە بکــەن و ئێوەن کە ڕووبەڕووی کێشــە بوونەتەوەو ئێوە دەبێت ســەرباز بڵاو بکەنەوە. بەڵام پرســی ئەوەی پێویســتە ئەمریکا چەك بنێرێت، بەڵێ ئەوە راستەو ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەمەش مایەی مەترسییە، چونکە بۆی هەیە ئەو چەکە بکەوێتە دەســتی هەڵەوە، بەڵام پێش هەموو شــتێك پێویستە وڵاتە عەرەبییەکان، ســعوودیە و ئیمارات و کوەیت و قەتەر و میســر، کە ســوپایان هەیە و فڕۆکەیان هەیە و کەلوپەلی سەربازی و چەکی زۆر مۆدێرنیان هەیە، پێویســتە ئەوانە بچن و شەڕ بکەن، بۆچی کەسێکی دیکە بچێت و شەڕیان بۆ بکات؟



*** هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە تەنانەت دوای شەڕەکەش سنوورەکان وەك خۆیان نامێننەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تاچ رادەیەك ئەگەری سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی دەکرێت؟**

- کەس بەڕاستی ناتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە روودەدات. بەڵام بەراورد بە ئەلقاعیدە، داعش خاکی بەدەستەوەیە، داعش پشتیوانی بەهێزتری هەیە، لەبەر ئەوەی داعش سوودی لە هەستی دژە مالیکی و دژە بەشار وەرگرتووە لە نێو سوننەکاندا. ئەمە هەر تەنیا لایەنێکی ئیسلامی نییە، بەڵکو لایەنێکی عەرەبیشی هەیە لە هەندێ رووەوە. ئەم دوو حکومەتە بە تەنیا بەردەوام نەدەبوون، حکومەتی عێراق شکستی دەهێنا، بەشار ئەسەد شکستی دەهێنا، ئەگەر ئێران و رووسیا حزبوڵای لوبنان پشتیوانییان نەکردایە، کەواتە دەکەوتن ئەگەر پشتیوانی دەرەکی نەبووایە لەلایەن ئێران و رووسیا و ئەمریکا و ئەوانی دیکەوە. ئەگەر داعش زیرەك بوونایە، ئەوا ئەو کارانەیان نەدەکرد کە کردیان، لە کوشتن و سەربڕینی خەڵك و سووتاندن و بۆردومانکردنی شوێنەکان، لە سەدەی بیست و یەکدا کەس ئەم دڕندەییەی ناوێت. دەیانتوانی حکومەتێکی میانڕەو دروست بکەن، ئەوا خەڵکی بەرەوپیریان دەچوو و پشتیوانی دەکردن، ئەگەر بێتو بواریان بە جیاوازی بیروبۆچوون بدایە، بەڵام ئەوان ئەم کارەیان نەکرد. لە سەرەتادا سەرکەوتوو بوون، خەڵکی پشتیوانی دەکردن، بەڵام لە کۆتاییدا گۆڕان بۆ دامەزراوەیەکی دڕندە. ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی جێی داخە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روودەدات، وڵاتە عەرەبیەکانیش ناتوانن بگەنە چارەسەرێك. کەواتە ئەم جامیعە عەرەبییە- کە ٢٢ دەوڵەتە- دەبێت بجوولێت و کارێك بکات و نابێت چاوەڕێی ئەمریکی و ئەوروپییەکان بکەن بۆ ئەوەی بێن و وڵاتەکەیان بۆ ئاوەدان بکەنەوە، ئەوە بیرکردنەوەیەکی خەیاڵیە، دەبێت ئەوان ئامرازی خۆیان بەکار بهێنن و سوپا و سەربازی خۆیان لەسەر زەمین بڵاوبکەنەوە و پێویستە چەك بدەنە پێشمەرگە و هەر کەسێك کە شەڕی دژی تیرۆریستان دەکات. بۆچی پێشمەرگە بە تەنها ئەم شەڕە بکات؟ بۆچی پیاوان و ئافرەتانی ئەوان بچنە بەرەی پێشەوەو بمرن؟ ئایا عەرەبەکانی دیکە چی دەکەن، بەو هەموو پارەو چەك و پشتیوانییەی هەیانە؟ بە ملیارەها دۆلار دەچنە ئەم وڵاتانەوە لە رووی چەك و تانك و فڕۆکە، چی لەمانە دەکەن؟ پێویستە وڵاتانی عەرەبی هەڵوێستێکی بەهێز بگرنەبەر، ئەمە سەرەتا شەڕێکی ئیقلیمییە و ئینجا شەڕێکی نێودەوڵەتی.

**ئەگەر شیعە هێرش بکەنە سەر سوننە، ئەوا کێشەیەکی زۆر بۆ ناوچەکە دروست دەبێت. دەبێت سوننەکانیش خۆیان لەوە لابدەن. نابێت لەبەر ئەوەی نوری مالیکی و بەشار ئەسەد تاوانیان کردووە، تۆڵە لە شیعە بکەنەوە**

# کوردستان نە ئەوەندە گەورەیە دابەشی بکەین و نە ئەوەندەش بچووکە بەشمان نەکات

**کوردســـتان بە دۆخێکی مەترســـیداردا تێپەڕدەبێت و تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بە بەرژەوەندی گەلەکەمان ڕەنجی فەرهاد و ســـەبری ئەیوب و تورەیی گیڤارا و هێمنی غاندی و حیکمەتی مـــاندێلای دەوێت، من ئەمە لە کوردستان بە روونی بەدی دەکەم و هەنگاوەکان لەسەر ئاستی خۆڕاگری ئومێدبەخشن.**



زیرەک کەمال*

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەیەم شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بەردی بناغەی شۆڕشێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی گەورەی دانا، بۆ سەرخستن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو شۆڕشـــە بەرنامەیەکی تۆکمە و فراوانی داڕشـــت، یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو کە ســـەرجەم سەرۆک خێڵەکانی ســـنووری دەســـەڵات و قەڵەمڕەوی خۆی کۆکردەوە لە فۆڕم و ناوەڕۆك و ماناو ئامانجەکانی شۆڕش ئاگاداری کردنـــەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا دەرکەوت لە خســـتنەڕووی سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکان بیروبۆچوون و ئاراستەی سیاسی جیاواز هەیە و قورسە بتوانرێت هەموویان لەسەر یەك بناغەی فیکری و سیاســـی و هێڵە گشتییەکانی شـــۆڕش کۆبکاتەوە، بۆیە لەسەر شـــێوەی فیدراسیۆن، ناوەندێکی هاوبەشـــیان لێ پێك دەهێنێت، دواتر هەر لەو ڕێگایـــەوە هێز و وزە و توانـــای هەموویان یەك دەخات و رووە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی شـــۆڕش هەنگاویان پێ دەهاوێژێت.

مەبەســـتم لەم بەرکوڵە ئەوەیە زیاتر لە (١٣٢)ساڵ بەر لە ئێســـتا، شێخ عوبەیدوڵڵا ئەگەرچی خاوەن پێگەیەکی سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی و خاوەن هێزێکی ســـەربازی گەورەبوو، بەڵام لەو راستییە بەرجەستەکراوە تێگەیشتبوو کە کاروانی شـــۆڕش دوور و درێژ و پڕ هەورازو نشێوەی مەترسیدارە، ڕێگای خەبات و تێکۆشان سەخت و دژوارە، بە تەنها ناتوانێت بە مەنتیقی هێز مامەڵە لەگەڵ پێشهات و کەیسی ڕووداوەکان و کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی بکات، ئەو دەیزانی شۆڕش بەبێ هێز و تواناکان بەرپاکردن و نزیك خستنەوە لە ئامانجەکانی یەکجار قورسە، بۆیەش پەنای بۆ کۆکردنەوەی یەکخستنی هێز و تواناکان برد.

من تەواو بـــڕوام بەو وتەیـــەی (جەمالەدین ئەفغانی) هەیە کە دەڵێت ئاســـاییە گەلێك بێ سەرکردە بێت، بەڵام سەرکردە بێ گەل لەســـەر زەمینی واقیعدا بوونی نییە. لەبەرامبەر ئەمەشدا ئەو راستییە بەڵگەدارەش دەزانم کە سەرکردەکان چ رۆڵێکی گەورە و بونیادنەرانەیان لە ژیانی گەلانی خۆیاندا گێڕاوە، گاریبالدی ئیتالی – لینین لە روسیا، غاندی لە هیندســـتان، رۆستا فیلی جۆرجیایی، نیلســـۆن ماندێلا.... بوونە هەوێن و سەرمەشق و رابەری گۆڕینی نەخشەی سیاســـی و فیکری و بونیادنانەوەی گەل و وڵاتەکەیان لەســـەر ئاستی سەرجەم کایە سیاسی و ئابـــووری و فیکری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان. ڕێڕەوی بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و تەنانەت روانینی تاکەکانی کۆمەڵگای خۆشیان بۆ ئایین و ژیان بە گشـــتی خســـتە نێو وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانی ریشەیی. قازی محەمەدی بەنیازبوو حەسەنی قزڵجی و

سەدان گەنجی بواری ئەدەبی و وەرزشی و ئەکادیمی بە مەبەستی ئاشنابوون بە مۆدێرنە و عەقڵانییەتی فەلسەفی بنێرێتە ئەوروپا، مستەفا بارزانی نەمر جارێکیان رووی دەمی کردۆتە سەیدا صالح یوسفی و دارا تۆفیق و ژمارەیەك ئەدیب و رۆشنبیری کورد و گوتویەتی بەبێ قەڵەمی ئێوە تفەنگەکانمان فیشەکەکانیان چروك دەبن، کەواتە ئەوانیش لەو راستییە تێگەیشتوون بە تەنیا ناتوانن ئەرکە قورسە مێژووییەکانیان هەڵبگرن.

ئەمەش مانای ئەوەیە، سەرکردە دەبێت لە هەموو کەس زیاتر ئەو راستییە بزانێت بۆ سەرکەوتنی لەو ئەرکە مێژووییانەی کە واقیع رووبەڕووی دەکاتەوە پێویستی بە خۆناسین و دەوروبەر ناسین هەیە، چونکە بەبێ ئەوە سەرکردە ناتوانێت کاروانی راپەڕین و شۆڕش و گۆڕانکاری رووە و پێشەوە ببات، شاعیر و رۆماننووس چەند بیرتیژ و دەسەڵاتدار بن بەسەر مەعریفە و تێزەکانی ئەدەب، بەڵام بەبێ قەڵەم وشەو وردبوونەوە لە دیمەنی رووداوەکان ناتوانن شاکاری ئەدەبی مەزن بنووسن، سەرکردەش بەبێ راوێژکار و سەرباز، تەنیا و تاك دەست و تاك باڵ دەبێت. (مەکسیم گۆرکی) لە بەشێکی یاداشتەکانی خۆیدا دەڵێت (لینین) مەزن بوو، خۆنەویست و سەرکردە بوو بە هەق رابەری لە خۆی دەوەشایەوە، بەڵام یەك لە ئیشکالیەت و کێشە هەرە کوشندەکانی ئەو رابەرە ئەوەبوو کە زۆرجار لە بیری دەچوو کە (لینین)ە. هەندێك جار هەڵدەچوو هەڵچوونیشی بەشێکە لە توڕەبوون و دەمێکە ئەمەش وتراوە ئەوەی بە توڕەبوونەوە هەڵبسێت بە پەشیمانییەوە دادەنیشێت.

بۆ ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە هەموو وێستگە و قۆناغە سیاسییەکانی رابردوو زیاتر پێویستیمان بە مەرجەعیەتی سیاسی و ناوەندی بڕیاری سیاسی و پتەوکردن و کاراکردن و گەشەپێدان و یەکخستنی گوتاری سیاسی هەیە.. لەم بارەیەشەوە کەسی یەکەم لە سیستەمی حوکمڕانیدا رۆڵێکی گەورە و کاریگەر و بگرە یەکلاییکەرەش دەبینێت، بە مەرجێك ئەمە لەسەر حیسابی فەرامۆشکردن و لاوازکردنی پێگە و رۆڵی دامەزراوە شەرعییەکان نەبێت، دەبێتە جێگای خۆشحاڵی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و بگرە هەموو جیهانیش، بەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان سیستەمێکی حوکمڕانی خۆماڵی کە بەری رەنج و خوێنی سەدان هەزار شەهید و قوربانییە بەڕێوە دەچێت.

سەرۆکایەتی هەرێی کوردستان و پەرلەمان و حکومەت و سیستەمی دادوەری و رۆژنامەگەری لەسەر زەمینی واقیعدا ژیانی سیاسی و ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن، کەلتووری دیموکراسی بە هەموو بنەماکانیەوە، خەریکی خۆ رەگاژوکردن و فۆرمۆڵەکردن و پێڕەوکەیە، بەڵام چونکە کایەکانی ژیان نابێت وەکو گومێکی مەنگ بوەستێت و دووچاری چەقبەستن بێت، بۆیە پێویستە و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە و بەتایبەتیش بەرپرسی یەکەم کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە دیالەکتیك بکاتە پێوەر و داینەمۆی گۆڕانکارییەکانە چونکە هەریەك لەو دامەزراوانەی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە ریفۆڕمێکی هێواش و بەردەوامە، چونکە سروشتی ژیان خۆی وایە بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بە جوانترین شێوە دەدرەوشێتەوە.

پێویستە رایەڵەی پەیوەندییەکانی نێوان هەریەك لە بونیادەکانی سیستەمی حوکمڕانی بەهێزتر بکرێت و گوتاری سیاسی کە هەندێك جار خۆی وەکو درز بردوو دەنوێنێت، پێویستە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان رەنگرێژی بکات، دەزانم کوردستان بە دۆخێکی مەترسیدار تێپەڕدەبێت و تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بە بەرژەوەندی گەلەکەمان رەنجی فەرهاد و سەبری ئەیوب و توڕەیی گیڤاراو هێمنی غاندی و حیکمەتی ماندێلای دەوێت، من ئەمە لە کوردستان بە روونی بەدی دەکەم و هەنگاوەکان لەسەر ئاستی خۆڕاگری ئومێدبەخشن، بەڵام بەهێزترین کۆڵەگە و فاکتەری مانەوەمان و بەرەو پێش چوونمان، تارادەیەکی زۆر بەندە بە بەرەوپێش بردن و قوڵکردنەوەی پرۆسەی بە دیموکراسی کردنی کایەکانی حوکمڕانی و پتەوکردنی کەلتووری بەیەکەوە ژیانی مەدەنیانە لە نێوان جیاوازییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەهێزکردنی رایەڵەکانی متمانە لەنێوان جەماوەر و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان و بەهێزکردن و گەشەپێکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کاراکردنی پرۆسەی لە یەکتری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بۆی هەیە لە وێستگەکانی قۆناغی سیاسی رابردوومان توانیبێتمان لە رێگای خستنەڕووی تراژیدیا نەتەوەییەکانمان سەرنجی سۆز و عاتیفەی رای گشتی جیهانیمان بۆ لای خۆمان راکێشابێت، بەڵام لە ئێستادا زەمەن زەمەنی خۆسەلماندنە لە رێگای پابەندبوونمان بە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و سەرجەم بنەماکانی فیکری مرۆیی و رۆشنگەری، کاتی هێنانەکایەی دۆخێکی ترە لە هێنانەکایەی دیالۆگێکی تری سیاسی کە جیاوازییەکان دیموکراسیانە یەکتری بدوێنن، نەك زمانێکی زبر و تەقلیدی سیاسی بچێتە شوێنی دیموکراسیەت و بەرژەوەندییەکانی گەل، ئاخر کوردستان نە ئەوەندە گەورەیە دابەشی بکەین و نە ئەوەندەش بچووکە بەشمان نەکات، ئەوەی دیموکراسییانەش دیالۆگ نەکات، کۆیلەی زەمان و رابردووە.

---

*** ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان**

**بارزانی نەمر جارێکیان رووی دەمی کردۆتە سەیدا صالح یوسفی و دارا تۆفیق و ژمارەیەک ئەدیب و رۆشنبیری کورد و گوتویەتی بەبێ قەڵەمی ئێوە تفەنگەکانمان فیشەکەکانیان چروک دەبن**

**ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە هەموو وێستگە و قۆناغە سیاسییەکانی رابردوو زیاتر پێویستیمان بە مەرجەعیەتی سیاسی و ناوەندی بڕیاری سیاسی و پتەوکردن و کاراکردن و گەشەپێدان و یەکخستنی گوتاری سیاسی هەیە**



محەمەد تۆفیق رەحیم

رێکخەری ژووری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ گوڵان:

# شەڕی داعش پێی سەلماندین پێویستە ئاسایشێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆمانمان هەبێت

**کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت، لە یەك کاتدا رووبەڕووی کۆمەڵێك قەیران و کارەساتی مرۆیی بۆتەوە، وێڕای ئەمانەش لایەنێکی ئەرێنی خولقاوە، ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ کوردی هەموو کوردستان لەیەك بەرەدا کۆبۆتەوە، ئەویش بەرەی شەڕی دژی تیرۆریستان و بەرگریکردنە لە مان و نەمانی کورد و کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە هەستیارە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ محەمەد تۆفیق رەحیم رێکخەری ژووری پەیوەندییە دبلۆماتیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامداو بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** وەك سیاسەتمەدارێکی بە ئەزموون چۆن سەیری ئەم دۆخە هەستیارە دەکەیت و تا چەند توانراوە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەم بارودۆخە بەڕێوەببەین؟**

- لە راستیدا لە هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار و هەستیار هەیە، لەبەر ئەوەی هێزێکی تیرۆریستیی وەك داعش پەلاماری ناوچەکەی داوە، پەلاماری هەرێمی کوردستانی داوە، لەبەرنامەیاندا بوو ئەوەندی پێیان دەکرێت ئەم ئەزموونەی ئێستای هەرێمی کوردستان تێکبدەن. واتە جگە لە بوونی قەیرانی ئابووری و هەروەها قەیرانێك کە پێوەندی بە شیوازی بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە، قەیرانی لە هەمووان مەترسیدارتریش هاتۆتە پێشەوە کە مەسەلەی تیرۆریستانی داعشە. ئەوەی ئێستا روویداوە و ئەوەشی روودەدات و رەنگە لە دوای شکستی داعشیش و بە شێوەیەکی دیکە لەم ناوچەیە مەترسییەکی دیکە بێتە پێشەوە، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان لە رووی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی هەرێمایەتییەوە، لە ئێستاوە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ دەست بکات بە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێکی گرنگ، شەڕی تیرۆریستانی داعش ئەوەی بۆ سەلماندین کە پێویستە ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئاسایشێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆمانمان هەبێت، ئەمەش لە سێ تا چوار بڕگە خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە:

یەکەم: ئەوەی لەهەموو شت گرنگترە دەبێت هەوڵ بدرێت ئابوورییەکی تا رادەیەك سەربەخۆمان هەبێت، لەبەرئەوەی بەهۆی هەر مەسەلەیەکەوە لەگەڵ بەغدا دووچاری قەیران ببین، بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە کاریگەریەکی ئەوتۆ لەسەر باری ئابووری کوردستان دروست نەکات. بۆ دامەزراندنی ئەم ژێرخانەش بۆ ئابوورییەکی سەربەخۆ، لە هەرێمی کوردستان زەوییەکی هێجگار باش و زۆری کشتوکاڵیمان هەیە، سەرچاوەی ئاوی زۆر باشمان هەیە، دەستی کاری زۆریشمان هەیە، کە سوپاس بۆخوا زۆربەیان گەنجن و بەشی زۆریشیان خوێندیان تەواو کردووە، بۆیە پێویستمان بەوەیە کەرتی کشتوکاڵی زیندوو بکەینەوە، زۆر پێویستمان بەوەیە گرنگی بدەین بە سامانی ئاژەڵی، هەروەها پێویستیمان بەوە هەیە بایەخ بە پیشەسازیش بدەین. من پێموایە لە سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانیدا لایەنی ئابووری گرنگییەکی زۆر زۆری هەیە، بۆیە ئەگەر ئێستا سەیری بازاڕی کوردستان بکەین، دەبینین هەموو شتەکان هاوردەن و ئابوورییەکەشمان پشتی بەستووە بەو بودجەیەی کە لەبەغداوە بۆمان دێت.

بواری دووەم: کە ئەم بوارەش هێندەی ئابووری گرنگە، پرسی سەربازی و هێزی پێشمەرگەیە، بەداخەوە هەتا ئێستا هێزی پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتوو نییە، هێزێك نییە مەشقپێکراو بێت و هەروەها هێزێك نییە پڕچەك کراو بێت. بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت بە هەمانگی نێوان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و وەزارەتی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە یەکبخرێت و دوور بخرێتەوە لە مەسەلەی حزبایەتی، ئەمەش بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگەی هەموو کوردستان بێت، یەك فەرماندەیی هەبێت، یەك شوێن دەسەڵاتی جووڵاندن و بەکارهێنان و رێکخستنی پێشمەرگەیی هەبێت.

بواری سێهەم: دەزگای هەواڵگریی یەکگرتووە، چونکە زۆر گرنگە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەزگای هەواڵگری یەکگرتووش هەبێت، هێزی پێشمەرگە بەبێ زانیاری و هەواڵگری دروست، ناتوانێت بەرنامەکانی خۆی چ لە هێرش بردن، یان بەرگریکردن بەڕێوەبەرێت، بۆیە زۆر گرنگە رێگە نەدرێت هیچ حزبێك دەزگای هەواڵگری سەربازی تایبەتی خۆی هەبێت، دەبێت یەك دەزگای هەواڵگری هەبێت، کە دەزگای هەواڵگری هەرێمی کوردستانە.

بواری چوارەم: بواری پێوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، دەبێت ئەم پێوەندییانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان رێکبخرێت و بکرێت بەپێوەندی هەرێمی نەك حزبی، ئێستا زۆربەی حزبەکان لە وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە نوێنەرایەتیان هەیە، دیارە حزب بۆی هەیە رێکخستنی هەبێت لەناو جالیەی کوردی لەدەرەوە، بەڵام نابێت ببێت بە بەدیلی حکومەت لە پێوەندی دەرەوەدا، بۆیە هەموو پێوەندییەکان دەبێت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە رێگەی دامەزراوەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و تایبەتیش بێت بە هەرێمی کوردستان، ئەو دەزگایە

**کاتێک هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەردەمی مەترسییەکی دەرەکی، ئەگەر ئێمە لە ئۆپۆزسیۆنیش بووینایە دەبوو هەمان هەڵوێستی ئێستا وەربگرین**

**پارێزگاری سلێمانی پێوەندی بە پارێزگاری هەڵەبجەوە نییە، ئێمە وەک بزووتنەوەی گۆڕان زۆرمان پێباشە دادگا ئەو بڕیارەی داوە، ئەگەر ئەو بڕیارەش جێبەجێ نەکرێت ئەوا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرشانی هەموو لایەنەکان**

**دەبێت هەوڵبدرێت هێزی پێشمەرگە یەکبخرێت و دووربخرێتەوە لە مەسەلەی حزبایەتی، ئەمەش بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی هەموو کوردستان بێت**

سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەڕێوە ببەن.

ئەم هەنگاوانە گرنگ و پێویستن و دەبێت دەستیان پێبکرێت، راستە ئێستا هەماهەنگی هەیە، بەڵام هەماهەنگی جیاوازە لەوەی یەك هێز هەبێت، لەوانەیە لەم بارودۆخە ئەمە نەکرێت، بەڵام دەکرێت بەرنامە دابرێژرێت هەرێمی کوردستان ئەنجومەنێکی ئاسایشی نیشتمانی سەربەخۆی دوور لە حزبایەتی هەبێت.

*** باسی چەند لایەنێکت کرد بۆ داڕشتنی بنەماکانی ئاسایشێکی نەتەوەیی کوردستان، بەڵام وەك ئاگاداری، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان خۆی داوای ئەوە دەکات کە هێزی پێشمەرگە یەکگرتوو بێت و دەستیشی پێکراوە، هەروەها حکومەتیش دەستی کردووە بە داڕشتنی بنەمایەك بۆ ئابوورییەکی سەربەخۆ، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا رۆڵی حزبە سیاسییەکان لە پشتگیری و سەرخستنی ئەم هەنگاوانەدا چییە ؟**

- بە بڕوای من هەتا ئێستا ئەمە نەکراوە، کە باسی بواری ئابووریم کرد، مەبەستم لە بواری ئابووری ئەوە بوو کە دروستکردنی ژێرخانی ئابوورییەکی پتەو دابڕێژرێت، بۆ دروستکردنی ئەم ژێرخانە پتەوەش پێویستە گرنگی بدرێت بە کشتوکاڵ، سامانی ئاژەڵ، پیشەسازی، من لەم روانگەیەوە وای دەبینم هەنگاوی بۆ هەڵنەگیراوە، لەبەر ئەوەی ئەمانەن ئابووریی وڵاتێك دروست دەکەن، مەسەلەی نەوت ئەوە شتێکی دیکەیە، لەبەر ئەوەی هەموو کات ئەگەری دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخ هەیە، هەمووکات ئەگەری کێشەی سیاسی هەیە، لەوانەیە نەتوانرێت پشتی پێببەسترێت، بۆیە ئێمە دەبێت ئابووری سەربەخۆی خۆمان لەسەر بنەمای بەروبوومی ناوخۆیی خۆمان دروست بکەین بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو قەیرانە ئابوورییانە بگرین کە لەملاو ئەولاوە دروست دەکرێن، سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەش، زۆر زۆر گرنگە هێزی پێشمەرگە لەسەرتاسەری کوردستاندا یەك فەرماندەیی هەبێت، هەتا ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە جلوبەرگ و بڕییەکەی سەریان جیاوازن، لەمەسەلەی چەکدا جیاوازن، دەبێت ئەمانە یەکبخرێن و رێکبخرێن، لایەنەکانی دیکەش کە پێوەندییەکانی دەرەوە و هەواڵگرییە ئەوانیش زۆر زۆر گرنگن، ناکرێت لە وڵاتێکدا چەند دەزگایەکی هەواڵگری سەر بەحزب هەبێت، زۆر جار ئەم دەزگا هەواڵگرییە حزبییانە لەبری ئەوەی هەماهەنگی بکەن، پاشقوڵ لە یەکتری دەگرن.

*** لایەنێکی دیکەی کێشەکانمان دیارە لەگەڵ بەغدایە، لە نزیکەوە ئاگادار کۆبوونەوەی هەموو لایەنەکان لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداری کورد لە حکومەتی ئەمجارەی عەبادیدا بووی، ئایا لەو کۆبوونەوەیەدا کورد لە سەر چ بنەمایەك بڕیاری دا بەشداری لە حکومەتەکەی عەبادی بکات؟**

- بۆ بەشداری کورد لە حکومەتی ناوەندی بەغدا، راستە کۆبوونەوەیەك لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان کرا، بەوەی ئایا کورد چۆن بەشداری بکات، یان بەشداری نەکات؟ بەڵام هێشتا کۆبوونەوەکە تەواو نەببوو، ناوی وەزیرەکان لەناو پەرلەمانی عێراق خوێندرایەوە، لەبەر ئەوە پێشتر بڕیاری بەشداریکردن درابوو، چونکە لەو کاتەی کۆبوونەوەکە بەڕێوەدەچوو، عەبادی لە تەلەفزیۆنەوە ناوی وەزیرەکانی دەخوێندەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بڕیارەکە لەو کۆبوونەوەیە نەدراوە.

*** ئەگەر هەموو لایەنەکانی ئەم بارودۆخە هەستیار و سەخت و ئاڵۆزە سەیر بکەین، هەست دەکەین وێڕای هەموو لایەنە سلبی و سەختەکانی، لایەنێکی ئیجابیشی دروستکردووە، ئەویش ئەوەیە بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا و بەشێوەیەك پراکتیکی و واقیعی کێشەی کوردی کردۆتە یەك مەسەلە، ئەمەش بەو مانایەی لەگەڵ ئەوەی سنوورەکان کوردیان لێکجیاکردۆتەوە، بەڵام شەڕی داعش هەموو کوردی لە بەرەیەکدا کۆکردۆتەوە، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە زەمینەیەك بۆ گوتارێکی یەکگرتووی کورد لەم قۆناخە مێژووییەدا دروست دەکات؟**

**تیرۆریستان کاتێك هێرش دەکەنە سەرمان، هێرش دەکەنە سەر کوردستان و جیاوازی لە نێوان ئەم حزب و ئەو حزب ناکەن، ئەوان کاتێك پەلاماری هەرێمی کوردستان دەدەن، دەیانەوێت ئەم ئەزموونە تێکبشکێنن و جارێکی دیکە کورد بکەنەوە بە ژێردەستە**

- ئەم واقیعە بە نیسبەتی هێزە دەرەکییەکانەوە زۆر گرنگە، چونکە دەریخست، کە دێن پەلاماری کورد دەدەن، پەلاماری نەتەوەیەك دەدەن، نەك پەلاماری حزبێکی سیاسی، راشکاوانەتر تیرۆریستان کاتێك هێرش دەکەنە سەرمان، هێرش دەکەنە سەر کوردستان و جیاوازی لە نێوان ئەم حزب و ئەو حزب ناکەن، ئەوان کاتێك پەلاماری هەرێمی کوردستان دەدەن، دەیانەوێت ئەم ئەزموونە تێکبشکێنن و جارێکی دیکە کورد بکەنەوە بە ژێردەستە، لایەنێکی دیکە کە پێشتر باسی قەیرانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقمان کرد، چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە لەگەڵ عێراق بەوە نابێت دەستوور چی وتووە و چی لە دەستووردا هاتووە، بەڵکو چارەسەری ریشەیی ئەوەیە هەرێمی کوردستان چەند بەهێزە، چونکە عێراق دەوڵەتێکی دروستکراوە و لە دروستبوونییەوە تا سەردەمی سەدام و پاشان مالیکی و عەبادی دەریخستووە کە لە عێراقدا تەرازووی هێز بڕیار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، بەداخەوە کێشەکان لەسەر بنەمای ئەوە چارەسەر دەبن، کە تۆ چیت دەستدەکەوێت و چی لەدەست دەدەیت، نەك جێبەجێکردنی دەستوور، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی پێویستە هەرێمی کوردستان هەوڵبدات خۆی لە بوارە جیاوازەکاندا بەهێز بکات، لەبەر ئەوەی دەبێت

بەو جۆرە سەیری ڕووداوی قەیران بکات، ئەگەر قەیران هاتەپێش و هەرێمی کوردستان لاواز بێت، زۆر شت لەدەست دەدات، ئەگەر بەهێزیش بێت، دەسکەوتی زیاتر بەدەست دەهێنێت.

*** پێش هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو، ئێوە وەك بزووتنەوەی گۆڕان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕادیکاڵ و سەرسەخت بوون، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان هاتنە ناو دەسەڵات و بوونە هێزێکی میانڕەوی نەرم، ئایا ئەم وەرچەرخانە لە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕادیکاڵەوە بۆ سیاسەتێکی نەرمی نیشتمانی، لەبەر ئەوەیە هاتوونە ناو دەسەڵات، یان واقیعییانە بارودۆخی هەستیاری ئێستا دەخوێننەوە؟**

- مەسەلەکە پێوەندی بە بەشداریکردنمان لە حکومەت نییە، بەڵکو پێوەندی بە بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی کاتێك ئێمە بڕیارمان دا بەشداری لە حکومەت بکەین، دانیشتین وتووێژمان کرد، بەشداریکردنمان لە حکومەت لەسەر ئەو بنەمایە بوو بەڵێنمان پێدرا بەشێك لەو بەرنامەیەی هەمانە جێبەجێ بکرێت، بەڵام کە هاتینە ناو حکومەت، هێندەی پێنەچوو هەرێمی کوردستان کەوتە بەر مەترسی، بۆیە کاتێك هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەردەم مەترسییەکی دەرەکی، ئەگەر ئێمە لە ئۆپۆزسیۆنیش بووینایە دەبوو هەمان هەڵوێستی ئێستا وەربگرین، وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد تیرۆریستانی داعش نەهاتوون پەلاماری حزبێك بدەن لە دەسەڵات و هەقیان بەسەر ئۆپۆزسیۆنەوە نەبێت، نەخێر ئەوان هاتوون پەلاماری هەموو هەرێمی کوردستان بدەن و ئامانجیشیان ڕووخاندنی ئەم ئەزموونەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە لە حکومەتیشدا نەبووینایە، دەبوو هەمان هەڵوێستی ئێستامان هەبوایە کە ئەویش بەرگریکردنە لە هەرێمی کوردستان. ئەم واقیعە سەپێنراوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا، بۆیە دەبێت هێندەی پێمان دەکرێت بەرگری لە سنوور و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین.

*** پرسێکی دیکە کە ئێوە نەرمی تێدا دەنوێنن، مەسەلەی یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانییە، دیارە دادگای سلێمانی پرسی هێشتنەوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە کراوەیی ڕەتکردووە و بڕیاری دادگا بەو جۆرەیە لەماوەی ١٥ ڕۆژدا ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە. بە ڕاشکاوی تێڕوانینی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم پرسە چۆنە و تا چەند گرێدراوەتەوە بە پرسی دانانی پارێزگاری هەڵەبجەوە و ئایا لە ماوەی ئەم ١٥ ڕۆژە چۆن ئەم پرسە چارەسەر دەکەن؟**

- مەسەلەی پارێزگاری سلێمانی پێوەندی بە پارێزگاری هەڵەبجەوە نییە، ئێمە وەك بزووتنەوەی گۆڕان زۆرمان پێ باشە دادگا ئەو بڕیارەی داوە، ئەگەر ئەو بڕیارەش جێبەجێ نەکرێت، ئەوا بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەرشانی هەموو لایەنەکان، بۆیە بڕیارەکە زۆر دروست و ڕێکوپێکە و هەموو لایەك ناچار دەکات لەمەودوا کە کۆدەبنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە کۆببنەوە نەك بۆ کات کوشتن.

*** هەندێك لە چاودێرانی ناوخۆ ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێستا لە کوردستاندا دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم بارودۆخە هەستیارە هەیە، دەڵێن یەکێتی بە جۆرێك سەیری ئەم بارودۆخە دەکات و پارتی بە جۆرێکی دیکە، هەندێ جار ئەمە لە ڕاگەیاندنەکانی هەردوولا ڕەنگی داوەتەوە، ئایا ئێوە وەك بزووتنەوەی گۆڕان، توانیوتانە چ ڕۆڵێك بگێڕن بۆ یەکخستنی ئەم دوو تێڕوانینە؟**

- ئێمە لە هەموو کۆبوونەوەیەك چ لەگەڵ برادەرانی پارتی بێت، یان یەکێتی، ئەو مەسەلانەی باسی دەکەین، ئەوەیە کە ئێستا کورد پێویستی بەوە هەیە مەسەلەی دوو پێوەندی جیاواز و دوو هێزی جیاواز و دوو ئیدارەی جیاواز نەمێنێت، چونکە بە زیانی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت، بۆیە دەبێت هەموومان ڕێکبکەوین و بەرنامەمان هەبێت، بۆ ئەوەی هەم هێزەکانمان ڕێکبخەینەوە و هەمیش بۆچوونێکی دیاریکراوی هەرێمی کوردستانمان هەبێت لەبەرامبەر دەوڵەتانی دراوسێ و جیهان و لەبەرامبەر ئەو کێشانەش کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. کە من باسی پێوەندییەکانی دەرەوەم کرد، مەبەستم لەم حاڵەتە بوو.

*** لە کۆتاییدا دەمانەوێت هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین، ئایا تا چەندو بۆچی لەم بارودۆخەدا یەکڕیزی بۆ نەتەوەی کورد گرنگە؟**

- داگیرکاران سیاسەتێکیان هەیە پێی دەڵێن «پەرت بکە و زاڵ بە» کاتی خۆی ئینگلیز ئەم سیاسەتەی بۆ داگیرکردنی وڵاتان پیڕەو کردووە، ئێستاش وڵاتانی ناحەز و دژ بە کوردستان، دەیانەوێت هەمان سیاسەت بەرامبەر کوردستان پیادە بکەن، واتە لەنێوخۆیاندا دابەشیان بکەن بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەریاندا، ئەمەش واتە لەگەڵ ئەم لایەنەیان ڕێکبکەوێت، بۆ ئەوەی لەوی دیکەیان بدەیت، کە لە دوای ئەو ئینجا لەمیش بدەی، بۆیە ئێمە نابێت ڕێگە بەوە بدەین کە جارێکی دیکە ئەمە دووبارە ببێتەوە بەسەرماندا، یەکێك لە کێشەکانی ئێمەی کورد وەك نەتەوە ئەوە بووە، لەسەر بنەمای ناوچەگەری و ئەم دراوسێ و ئەو دراوسێ هەمیشە دابەشکراوین، کە دابەش بووین بە ئاسانی داگیرکراوین، بۆیە نابێت ڕێگە بدەین جارێکی دیکە ئەوە دووبارە بێتەوە.

**ئێمە دەبێت ئابووری سەربەخۆی خۆمان لەسەر بنەمای بەروبوومی ناوخۆیی خۆمان دروست بکەین بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو قەیرانە ئابوورییانە بگرین کە لەملاو ئەولاوە دروست دەکرێن**

**یەکێک لە کێشەکانی ئێمەی کورد وەک نەتەوە ئەوە بووە، لەسەر بنەمای ناوچەگەری و ئەم دراوسێ و ئەو دراوسێ هەمیشە دابەشکراوین، کە دابەش بووین بە ئاسانی داگیرکراوین، بۆیە نابێت ڕێگە بدەین جارێکی دیکە ئەوە دووبارە بێتەوە**

# داعش
# لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

لەم بابەتەدا دەکۆشین لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە دیاردەیەکی وەك داعش بخوێنینەوە. سەرەتا بە وشەی داعش دەستپێدەکەین، چەند پرسیارێکی گرینگ دەخەینەڕوو تا یارمەتیمان بدات کە داعش وەك دیاردە ببینینەوە. پاشان چەمکی سایکۆپۆلیتیك دەناسێنین و هەندێ وردی دەکەینەوە، تا مەبەستی خۆمان لەمەڕ ئەو چەمکە و پەیوەندی بە داعشەوە روون بکەینەوە. دواتر دەچینە ناو مێژووی ئیسلام و دەگەڕێینەوە ئەو سەردەمەی کە گرووپێکی تر لە شێوەی داعش بە ناوی خەواریج تیایدا سەریهەڵداوە و جیاکارییەك لە نێوان داعش و خەواریجدا دەکەین تا بزانین لە کوێدا لە یەکتری دەچن و لە چیدا لە یەکتری جیا دەبنەوە. پاش ئەم بابەتانە دێینەوە لای داعش، هەوڵدەدەین لە گۆشەی سایکۆلۆژیاوە لەوان بڕوانین و لە پەیوەندی داعشەکان بە سیاسەتەوە شتێك تێبگەین.

**(١)**

## • داعش

«داعش» واتە دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام کە لە واتا عەرەبییەکەیەوە «دولة الإسلام فی العراق و الشام»ـەوە وەرگیراوە، بۆتە دیاردەیەك کە شایستەی کۆڵینەوە و توێژینەوە و پشکنین و لێوردبوونەوە بێت. دیاردەیەك بۆتە جێگە سەرنجی تێکڕای جیهان و هەمانکات بۆتە مەترسی بۆ زۆر وڵات و کۆمەڵگە. داعش جگە لەوەی پرسیاری زۆری لای توێژەران و چاودێران ورووژاندووە، گومانی زۆریشی خوڵقاندووە، خەڵکێکی زۆریشی سەرسام کردووە و ئوممەتی ئیسلامیشی بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشکردووە.

داعش کێیە؟ داعش چییە؟ داعش لە کوێوە هاتووە؟ بە چی و بۆچی ئیستە هەڵقولاوە؟ چ دەستێکی لە پشتەوەیە؟ چ مەرامێکی هەڵگرتووە؟ لە چ ئاڕاستەیەکی مێژووییەوە هاتووە و بەرەو چ ئایندەیەك دەڕوات؟ ئایا لە ناو ئیسلامەوە دەرکەوتووە و بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێت، یان لە دەرەوەی ئیسلامەوە هاتووە و بۆ مەبەستیکی تایبەتی بەرەو ناو ئیسلام خۆی دەکێشێت؟ چ دەستێکی دەرەکی یارمەتی دەدات و بەرەو کوێ هانی دەدات؟

داعش دیاردەیەکی سروشتی نییە تا بە ناو یاساکانی فیزیکدا بۆ هۆکارەکانی بگەڕێین، داعش دیاردەیەکە مرۆڤ دایهێناوە و مرۆڤیش خۆراکی دەدات. ئەم مرۆڤە کێن و چییان گەرەکە؟ خۆزگە و حەزی ئەم مرۆڤانە چین و بە شوێن چیدا وێڵن؟ ئەم مرۆڤانە خەڵکی کوێن و لە کوێوە دێن؟ ئەم مرۆڤانە چۆن دروستبوون و بە چی دروستکران؟ ئەم مرۆڤانە لە ناو چ مێژوویەکەوە هاتوون و لە چ مێژوویەکدا دەژین؟ ئەی بۆ کێ و بۆچی خۆیان دەکەنە قوربانی و چاوەڕێی چ پاداشت و خەڵاتێکن؟ ئەم مرۆڤانە هەڵگری چ جۆرە جیهانبینییەکن؟ چۆن لە ژیان و دنیا دەڕوانن؟ ستراتیژی ئەم مرۆڤانە چین و چ ئامانجێك پاڵیان دەنێت؟ ئەم حەمکە مرۆڤە لەسەر چ تەوەرێك کۆبوونەتەوە و کۆئامانج و نەستە کۆی ئەمانە لە چیدا دەبیندرێتەوە؟ مرۆڤی غەیرە داعش بە چی جیادەکرێنەوە؟

ئەمانە وتمان مرۆڤن و لە جێبەندێکی وەك ئەم سەردەم و لە شوێنێکی وەك ئەوەی هەنووکە هەن، دەرکەوتوون، بەڵام خۆ ئەمانەش وەك گشت مرۆڤگەلێك بەرهەمی کەلتوور و پەروەردە و نەریتێکی کۆمەڵگەی خۆیان و سەردەمەکەیانن، نە لە ئاسمانەوە داباریون و لە زەوییەوە هەڵقووڵاون، بەڵکو لە ناو خۆماندا چێنراون. باشە دەبێت ئەم کەلتوورە چ کەلتوورێ بێت، وا مرۆڤی لەم چەشنە دەخوڵقێنێت؟ چ پەروەردەیەك بێت وا مرۆڤی ئاوها ئاڕاستە دەکات؟ چ نەریتێك بێت وا ئەمانەی بەم چەشنە ڕام کردووە و بەڕێیان دەکات؟ زانست ئەوەمان پێدەڵێت کە کەلتوور مرۆڤ ئاڕاستە دەکات، هەموان دەزانین کە کەلتوور هەروەك نەریتە و مرۆڤ خووی پێوە دەگرێت، هەرواش کەلتوور گوتارێکە و مرۆڤ هەڵیدەگرێت، بەهەمان شێوەش کەلتوور دەستوورێکی نووسراو و وتراوە مرۆڤ بەجێیدەهێنێت و دەریشی دەبڕێت. باشە ئەم کەلتوورە لە چییەوە پەیدا دەبێت و پێکدێت، وا مرۆڤی بۆ دەستبەر دەکرێت؟ ئیدی لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ لای دەق، ئەو دەقەی کە مرۆڤ لە دەرەنجامی ئەزموونی ژیان و ئایین بەرهەمی دەهێنێت و دواجار خۆشی بەند و کۆیلەی ئەو دەقانە واتە دەقی نووسراو و گوتراو دەکات.

گومان لەوەدا نییە کە دەقی ئایینی بەهێزترین دەقێکن کە مرۆڤ دەجووڵێنن، پاشان ئەو دەقانەی کە کەلتوورێك دروستی دەکات، بەڵام زۆرجار ڕۆحێکی ئایینیشی بە بەردا دەکات و مرۆڤی پێ هاندەدەن، ئەگەر مرۆڤێ ئەوە نەکات کە کەلتووری داوای دەکات، ئەوە بەلایەنی کەمەوە عەیبداری دەکات، ئەوە ئەگەر بێتو تاوانباریشی نەکات. ئەوە لەولاوە بوەستێت کە دەقی ئایینی ئەو مرۆڤانە کە وەك خۆی نەبێت، لەو چوارچێوەیە دەریدەکات و گوناهباری دەکات.

کەواتە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی داعش، مرۆڤی خۆمانن، لە ناو کەلتووری خۆماندا سەردەردێنن، دەقەکانیش دەقی ئایینی خۆمانە، کەلتووری ئایینی خۆمانە، بەڵام ئەی بۆ لە ئێمە جیابوونەتەوە و بەرەیەکی دیکەی جیایان لە ئێمە گرتووە؟ واتە شاراوە نییە کە ئایینی ئیسلام لەم دەرکەوتنەی داعش بەشدارە، کەلتووری کۆمەڵگەی ئیسلامی هەوادارە، ئاستی ڕۆشنبیریی هەنووکەی موسڵمانان داواکارە، چونکی مرۆڤ لە تەك دەقدا لە مشتومڕدایە و کارو کاردانەوە هەیە، دەبێت بپرسین ئاخۆ دەقی قورئان و سوننەت چەنێك لەم ئامادەکردنەی داعشدا ڕۆڵ دەگێڕێ و کاریگەری خۆی دەبێت؟ ئاخۆ داعش بە چ زیهنییەتێکەوە ئەو دەقانە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بە کاردەهێنێت؟ باشتر وایە بڵێین ئاخۆ داعش بە چ ستراتیژێك ئەو دەقانە دەخوێنێتەوە؟

ئێمە لەسەرەتادا داعشمان لە کۆنتێکستەوە بەرەو تاکێك و لە وێوە بۆ کەلتووری گوێزایەوە و پاشان گەیشتینەوە لای ئیسلام کە وەك ئایینێك لەم دەرکەوتنەدا ڕۆڵ دەگێڕێت. بەڵام ئیستە دێینەوە لای سیاسەت و دەسەڵات و بەرژەوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کە چ ڕۆڵێك لەم دەرکەوتنەدا دەبینێت؟ چ دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە کە دەتوانێ کەڵك لەم جۆرە مرۆڤگەلە وەرگرێت و بەرەو بەرژەوەندی خۆی ئاڕاستەیان بکات و ئەو مرۆڤانەش بەو ئاڕاستەیدا تینوویەتی ڕۆحی خۆیان لەو جووڵەیەدا دەشکێنن؟ ئەم دەسەڵاتە سیاسییە چ جۆرە دەقێکی مێژوویی لەو مرۆڤگەلەدا دەخاتە کار، تا لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی سیاسی دیکەدا پارسەنگی هێزی پێڕاگرێ؟ ئایا هەڵبژاردنی ناوی داعش لەلایەن ئەو دەسەڵاتە سیاسییەوە مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوەیە، یان هەروا ناوێکە و هەڕەمەکییانە هاتۆتە پێش؟ ئەگەر ئەو ناوە (واتە ناوی داعش) نەبوایە و ناویکیتری لێبنرایە، ئەم دەسەڵاتە سیاسییە دەیتوانی بەم چەشنە لە هەموو جیهانەوە مرۆڤی موسڵمان بۆ خۆی کێش بکات؟ یان

**هەنوکە وا دەبینذرێ داعشی ئیمرۆ خەواریجی دوێنێ بن**

**هەر ئایین نییە ئاڕاستەی کەلتووری دەگۆڕێ، بەڵکو کەلتووریش ئاڕاستەی ئایین دەگۆڕێ. هەرگیز ئایینێکی نوێ بە پوختی و خاوێنی لە مێشکی مرۆڤدا جێگەی خۆی ناکاتەوە، بەڵکو فکری پێشوەخت لە خۆیەوە دەئاڵێنێ**

**هەندێ جار ستراتیژیەتی تاکێک، یان کۆمەڵێک وا باڵ بەسەر نەتەوەیەکدا دەکێشێت، پیرۆزییەکی بێئەندازی ئەوتۆ وەردەگرێت، بیرکردنەوە لە جۆرێکی دی جیا لەو ستراتیژە، حەرام دەبێت**

**هەر مرۆڤێک ستراتیژێکی خۆی دەبێت لە کاتی مومارەسەکردنی کاری سیاسیدا، هەر کۆمەڵێکیش ستراتیژی لە نەستەکۆی خۆیدا هەڵگرتووە و زۆرجاریش، رابەرە سیاسی و ئایینییەکانیش بەو ئاقارەدا دەبات کە نەستەکۆی ستراتیژی ئەو کۆمەڵە خۆی گەرەکیەتی**

**هەرچەندە لە پشت دیاردەی داعشەوە پیلانگێڕی خۆی حەشارداوە، بەڵام ئەم بابەتە هێندەی باسی خودی داعش خۆیەتی، هێندە باسی ئەو پیلانە نییە کە خۆی بە کەشتی داعشدا هەڵواسیوە**

دەیتوانی ناوێکیتر جگە لە داعش بەم چەشنە مرۆڤی موسڵمان خۆی بۆ بکردایە بە قوربانی؟ ناوی داعش تا چ ئاستێك تەعبیر لە ناوەڕۆکی داعشییەکان دەکات؟ پرسیارەکە ئەوەیە کە ناوی داعش بۆ ئامانجێك نرابێت، دەتوانێ ناسنامەی داعشییەکان تەحقیق بکات؟ ئەگەر ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لەو داعشانە رانەبینێت کە ئاوها بۆ ئەو ئامانجە سووتاون و بە دڵنیاییەوە گیانی خۆیان دەبەخشن، ئاخۆ ئەو کۆمەکەی بکردنایە؟ بێگومان لەوە دڵنیا بووە کە ئەوانە ئەو مرۆڤگەلەن دەتوانن ئامانجی خۆی بە هۆیانەوە دابین بکات، ئەگینا دەستی بۆ درێژ نەدەکردن. واتە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بە خۆڕایی کاڵای خۆی بە وان نابەخشێت ئەگەر دەرکی بە تواناو لێهاتوویی ئەوانە نەکردایە.

**(٢)**

لەبەشی پێشوودا کۆمەڵێ پرسیارمان خستەڕوو، وای دەبینیم گەر ئەو پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە، داعش وەك دیاردەیەك دەناسرێت و لە بەر چاومان بەرجەستە دەبێت. ئایا لە وتارێ، یان چەند وتارێکی سەرپێیی، مرۆڤی توێژەر دەتوانێ وەڵامی ئەو هەمکە پرسیارانە بداتەوە؟ بێگومان نەخێر. بۆیە هەوڵی من تەنها وەك گریمانە دەرخستنی گۆشەیەکی ئەو دیاردەیەیە و هیچیتر، ئەویش لە گۆشەی سایکۆپۆلیتیکەوە و لە چوارچێوەیەکی تیۆریدایە و هیچیتر. ئەگینا ئەگەر بمانەوێ هەنگاوی زانستییانەی تەواو بنێین، دەبیت پشکنین و سێرچی مەیدانی بۆ بکەین. هەرچەندە لە پشت دیاردەی داعشەوە پیلانگێڕی خۆی حەشارداوە، بەڵام ئەم بابەتە هێندەی باسی خودی داعش خۆیەتی، هێندە باسی ئەو پیلانە نییە کە خۆی بە کەشتی داعشدا هەڵواسیوە. بە واتایەکیتر داعش کائینێکە وجودی سەربەخۆی خۆی هەیە، بەڵام گشت وجودێ لە باریدایە بۆ مەرامیتر بەکاربهێندرێ. بەڵام با لەم بەشەدا هەندێکیش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتك بڕوانین و بزانین مەبەستمان لەو چەمکە چییە و چ ئامانجێ لەم بۆچوونەدا دەپێکین. کەواتە سەرەتا بابزانین سایکۆپۆلیتیك چییە.

### ● سایکۆپۆلیتیك

سایکۆپۆلیتیك دیدێکە بۆ خوێندنەوەی کاری سیاسیی مرۆڤ، کە ئاڕاستەی دەروونی مرۆڤ لەو کارە سیاسییەدا کاریگەر دەبێت. واتە ئەو لایەنەی مرۆڤ کە کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە لە پرۆسەی سیاسیدا هەیە و دیار نییە، بە دیار دەخات. یەکێك لەو فاکتەرانەی کە ناواخنیە و پرۆسەی سیاسی ئاڕاستە دەکات، لە سایکۆلۆژیادا بە ستراتیژ ناسراوە. ستراتیژ لە دیدی سایکۆلۆژیاوە، جۆرێکە لە پێکهاتەی زیهنی مرۆڤ، هانی دەدات تا بە ئاڕاستەیەکی تایبەتا بیبات و مەبەست و مەرامی خوازراوی خۆی وەدەسخات. لێرەدا تیشکێك دەخەینە سەر سیاسەت و ستراتیژ تا بزانین چۆن مرۆڤ ستراتیژیەتی خۆی بەکاردێنێ تا بگاتە ئامانجی ویستراو. سیاسەت، یان سیاسەتکردن، وەك جۆریك لە رەفتار دەخوێندرێتەوە، مرۆڤ دەینوێنێت تا دەسەڵاتێك، یان مافێك وەدیبهێنێت. ئیدی ئەوە ئاشکرایە کە لەپشت گشت رەفتارێ، پاڵنەرێکی دەروونی دەبێ هەبێت، کە سایکۆلۆژیا بە ستراتیژ ناوی دەبات.

لە گۆشەنیگای سایکۆلۆژیاوە، ستراتیژ بریتییە لە کۆی ئەو ئەزموونە ناوەکی و دەرەکییانەی لە مرۆڤێکدا خۆی گرتووە، کە بەردەوام ئەنجامێکی دیاریکراو بەرهەم دەهێنێت. دەتوانین بە جۆرێکیتر بڵێین؛ ستراتیژ چەند هەنگاوێکی یەك لە دوای یەکە، کە مرۆڤ بەرەو ئامانجێکی چاوەڕوانکراو دەبات. سایکۆلۆژیا بۆ ناساندن و مانادان بە ستراتیژ، قوڵتر لەوە دەچێت کە هەر تەنها هەنگاونان و ئەزموونکردنی تایبەت بێت، بەڵکو دەڵێت، ستراتیژ شتێکە ها لە مێشکدا، ها لە ناو فکردا، هەروەها وا لە ناو دەمارەخانەی مێشکی مرۆڤدا کە بەرەو رەفتارێکی تایبەت و دەرەنجامێکی دیاریکراوی دەبات.

لەم بۆچوونەی سەرەوەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ستراتیژ، ستراکچەرێکە یاخود پێکهاتە دەروونییەکە، کاتێ کە ئێمە رەفتارێك دەنوێنین، هانمان دەدات چۆن ئەو رەفتارە بنوێنین. واتە ئەگەر کەسێك لە ناو مێشکی مرۆڤێك بڕوانێت و ستراتیژی ئەو مرۆڤە ببینێت، دەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات، سەر لە کوێوە دەردەکات، چونکی ئەو مرۆڤە بە گوێرەی ئەو ستراتیژەی خۆی دەبزوێت و دەرەنجامیش دەردەهێنێت. بەم پێیە دەتوانین سیاسەتکردنی کەسێك، وەك رەفتارێکی سیاسی لە رێگەی ناسینەوەی ستراتیژی ئەو کەسەوە بدۆزینەوە. بەهەمان شێوە دەتوانین کۆئەقڵی سیاسیی کۆمەڵیك، یان گەلێك دەستنیشان بکەین و لە دەرنجامەکانیشی وردبینەوە. مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە ستراتیژی خۆی پەرەپێدەدات، بەردەوام دەبێت لەو گەشەپێدانەدا، هەر لەو کاتەوە چەندین ئەزموونی ناوەکی و دەرەکی لە خۆیدا پێدەگەیێنێ. ئیدی ئەو مرۆڤە بیەوێ و نەیەوێ لە هەڵسووڕان و رەفتارنواندندا، بەردەوام ئەو جۆرە ستراتیژەی هەڵیگرتووە، ئامادە دەبێت. ئەم بۆچوونە سایکۆلۆژییە دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی کە گومان لەوەدا نەمێنێت، هەر مرۆڤێك ستراتیژێکی خۆی دەبێت لە کاتی مومارەسەکردنی کاری سیاسیدا، هەر کۆمەڵێکیش ستراتیژی لە نەستەکۆی خۆیدا هەڵگرتووە و زۆرجاریش، رابەرە سیاسی و ئایینییەکانیش بەو ئاقارەدا دەبات کە نەستەکۆی ستراتیژی ئەو کۆمەڵە خۆی گەرەکیەتی. لەهەمانکات ئەوەشمان پێدەڵیت، هەر کاتێ مرۆڤ لە خودی خۆی هۆشیار بۆوە و ستراتیژەکانی لە کات و ساتێکدا سەرکەوتوو نەبووبێت، توانای دەبێت ئەو ستراتیژە بگۆڕیت، تا دەرەنجامەکانیش بگۆڕیت و ئامانجی خواستراوی خۆیشی وەدیبهێنێت.

ئێمە لە پێشەوە ئەوەمان روون کردەوە، چۆن مێژوو و رابردوو، پەروەردە و کەلتوور، چ جۆرە ئەزموونێکی ناوەکی




و دەرەکی لە مرۆڤدا دەخوڵقێنێت و چ جۆرە ستراتیژیەتێکی پێدەبەخشێت، کە لادان لەو ستراتیژە کارێکی ئاسان نەبێت. سیاسەتکردن یەکێکە لەو کایانەی مرۆڤ تیایدا ستراتیژیەتی خۆی پیادە دەکات، هەندێ جار ستراتیژیەتی تاکێك، یان کۆمەڵیك وا باڵ بەسەر نەتەوەیەکدا دەکێشێت، پیرۆزییەکی بێئەندازی ئەوتۆ وەردەگرێت، بیرکردنەوە لە جۆرێکی دی جیا لەو ستراتیژە، حەرام دەبێت. سەرکردە و خەڵکی بەگشتی وا لەو کۆدەنگییە رادێن، دەبێت هەرچۆن بووە گوێڕایەڵی بکەن، ئەگینا خۆیان بە لادەر دەبینن.

لەم شرۆڤەیەی سەرەوەدا تاڕادەیەك گۆشەنیگای روانینی سایکۆپۆلیتکمان روونکردەوە، کە ناخ و دەروونی مرۆڤ چ جۆرە پەیوەندییەکی بە کارو چالاکی سیاسییەوە هەیە. لە پەرەگرافەکانی پێشووتردا، لە رێگەی ئەو پرسیارانەی ورووژاندوومانن، تا رادەیەك دیاردەی داعشمان بەرجەستە کردووە. ئیدی لەمەو پاش، هەنگاو بەهەنگاو لە ناخی داعش رۆدەچین و لەگەڵ ئەو کارە سیاسیەی هەنوکە پیادەی دەکەن، پەیوەنییەك دەدۆزینەوە و دەیخەینە بەردەم خوێنەر. بەڵام پێش ئەوەی بچینە لای داعش، هەندێ دوور دەکەوینەوە، بە مێژووی ئیسلامدا دەچینەوە و خۆمان دەگەیەنینە لای خەواریجەکان. یەکەم لەبەرئەوەی کە هەنوکە وا دەبیندرێ داعشی ئیمڕۆ خەواریجی دوێنێ بن، دووەم لەبەرئەوەی کە هەندێ ریشەی دەروونی لە خەواریجەکان و شیعەکاندا بینراونەتەوە کە وەك هۆکار دانراون بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی: بۆ کۆمەڵێك موسڵمانی دڵسۆزی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب دەبنە خەواریج و دژی دەوەستنەوە، کەچی کۆمەڵێکیتر دەبنە پشتگیری عەلی و شیعە لە مێژووی ئیسلامدا بەرهەمدێنن و رێك پێچەوانەی خەواریج دەبنەوە. خەواریج و شیعە ئەگەر چی پێچەوانەی یەکترن لە ئاڕاستەدا، کەچی هەردوولا دەقی قورئان و حەدیس دەکەنە بەڵگەی راستێتی ئاڕاستەکانیان. چ جۆرە کەلتوورێ ئەم دوو ئاڕاستەیەی بەرهەمهێناوە؟ فکری پێش ئیسلام چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوان جێهێشتووە و چ جۆرە دەقێکی قورئان و حەدیس بۆ ئەو جیهانبینییەی خۆیان دەهێننەوە؟ ئەم دوو گرووپە جیاوزە چ چەشنە ستراتیژێکیان لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە؟ ئیدی لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ئایین نییە ئاڕاستەی کەلتوورێ دەگۆڕێ، بەڵکو کەلتووریش ئاڕاستەی ئایین دەگۆڕێ. هەرگیز ئایینێکی نوێ بە پوختی و خاوێنی لە مێشکی مرۆڤدا جێگەی خۆی ناکاتەوە، بەڵکو فکری پێشوەخت لە خۆیەوە دەئاڵێنێ. ئەوە سروشتی مرۆڤە و هەرگیز ناتوانێ لەو دۆخەی خۆی رزگاری بێت. لەبەشی داهاتوودا تیشکێك دەخەینە سەر سەرهەڵدانی خەواریج و شیعە لە روویەکی سایکۆلۆژییەوە کە دیاردەیەکی سیاسی تایبەتیان لە مێژووی ئیسلامدا خوڵقاندووە.

**داعش دیاردەیەکی سروشتی نییە تا بە ناو یاساکانی فیزیکدا بۆ هۆکارەکانی بگەڕێین، داعش دیاردەیەکە مرۆڤ دایهێناوە و مرۆڤیش خۆراکی دەدات**


# دژوارییەکانی تێکشکاندنی داعش

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر

سەرەڕای نایەکگرتوویی دوژمنەکانی، تاوەکو ئێستا سەلمێندراوە کە تاکتیکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تاکتیکگەلێکی زۆر سەرکەوتوون. کاتێك ئەبوبەکر ئەلبەغدادی کۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ی گرتەدەست لە ١٤ی ئایاری ٢٠١٠دا، ئەو شێوازێکی تایبەتی گرتەبەر لە بنیادێکی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، کە بریتییە لە کۆنترۆڵێکی مەرکەزی و جێبەجێکردنێکی نامەرکەزی. بەو پێیە، فەرماندەیی مەرکەزی رۆژی هێرشەکان دیاری دەکات، بەڵام فەرماندە ناوچەییەکان بڕیاری رادەی بەشداریکردنیان بەپێی هەل و مەرجە مەحەلییەکە دەدەن. لە رووی ستراتیژییەوە، هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لەو شوێنانەدا ئەنجام دەدرێت کە لاوازی هەبێت و ئەو کاتە رادەگیرێن کە رووبەڕووی بەرهەڵستییەکی گەورە ببنەوە، تەنها بۆ ئەوەی لە شوێنێکی دیکە گورز بوەشێنن. بۆ نموونە، کاتێك هێرشە ئاسمانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پەیەدە/ پەکەکە لە سووریا و چیاکانی قەندیلەوە پێشڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) یان بۆ سەر پایتەختی هەرێمی کوردستان (هەولێر) راگرت، لە ناوەڕاستی ئابی ٢٠١٤دا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بە خێرایی و بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئاراستەی هێزەکانی دژ بە کانتۆنی کوردی سووری لە کۆبانێ گۆڕی.

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) زۆر بە باشی ناوبانگێکی بۆ خۆی دروست کردووە لە دڵڕەقی و دڕندەیی کە ترس و تۆقاندن و هەڵاتن دروست دەکات لە هەندێ کاتدا کە پێشڕەویەکی ئاسایی دەکات و بە دڵنیاییەوە لەو کاتانەدا کە هێرش و پەلامار دەدات! ئەویش بە بەکارهێنانی سەدان کاروان و کەژاوەی ئۆتۆمبێل- کە چەکیان لەسەر بێت- کە دەتوانن بە خێراییەکی زۆر بجوڵێن لەسەر رێگەکراوەکانی عێراق کە رێگەیەکی کراوە و تا رادەیەك باشن، کاروانی سەرەکی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە سووریاوە یەکیان گرتەوە لەگەڵ شانە ناوخۆییەکانی نێو عێراق کە بە خێرایی گەیشتنە ١٠ بۆ ١٥ هەزار جەنگاوەر لە سەروەختی گرتنی موسڵدا لە ٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا.

هەروەها جموجوڵ و فێڵەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوونە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی مەحەلی باڵادەستی بەدەست بهێنن، سەرەڕای ئەوەی ژمارەشیان کەمە. فێڵ و تەڵەکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بواری ئەوەی بۆ دەرەخسێنێت حوکم لەسەر بەرهەڵستکارەکانی بدات و خۆی لە هێڵەکانی بەرگرییان لابدات و سەرنجی هێزەکانی دوژمن لەسەر ئامانجە سەرەکییەکان لابدات. بە زۆری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هێرشەکە بەوە دەست پێدەکات کە پەلامارێك، یان چەند پەلامارێکی گەورە بێت بۆ دروستکردنی ترس و تۆقاندن و هەڵاتنێکی گەورە.



بۆ گوڵانی نووسیووە

لەگەڵ بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بۆ نانەوەی پشێوی و شکاندنی بەربەستەکان، لەگەڵ بەکارهێنانی کەسانی خۆکوژ، جەنگاوەرەکانیان بە زۆری جل و بەرگی دوژمنەکانیان دەپۆشن و بۆ ترساندنی دوژمنەکانیان و تێکشکاندنی ورەیان بە ڕێژەیەکی زۆر پەنا بۆ بارمتەگرتن دەبەن.

لە کاتی پێشڕەوییاندا بەرەو موسڵ، ڕێکخراوەکە سۆشیال میدیای بەکار هێنا، وەك تویتەر بۆ ئەوەی رایبگەیەنێت کە هیچ بەزەییەکی نییە لە ئاست ئەو کەسانەدا کە بەرهەڵستی دەکات. کوشتنی ئەو کەسانە بڵاو کرایەوە کە هێشتا بەرهەڵستییان دەکرد، ئەمەش بە زۆری پەنای بۆ ببردرا لە تکریت لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و هەروەها لە شنگال لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤. جم و جوڵی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بووە هۆی ئەوەی بتوانن سوود لە هەنگاوی دوژمنەکانیشیان وەربگرن کاتێك هێزەکانیان کەم دەکەنەوە، هەروەك ئەوەی لە ١٠ی ئابی ٢٠١٤دا لە جەلەولا روویدا.

هەر لە سەرەتاوە، بە چەشنی ئەلقاعیدە لە عێراق، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، کە ئێستا بۆتە دەوڵەتی ئیسلامی و کارامە بووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێڵەکاندا. بۆ نموونە، لە ماوەی شەڕی ناوخۆیی عێراقدا کە لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا بەرپا بوو، ستەملێکراوانی خێڵە سوننەکان بوونە بنکەیەك بۆ دروستبوونی ڕێکخراوەکە. بەم دواییەش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ماوەی شەڕەکانی جەلەولا لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا، سوودی لە هەستی دژ بە کوردبوونی خێڵە عەرەبییەکان وەرگرت.

لە هەمان کاتدا و لە ماوەی شەڕی ئامرلی، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ڕێگەیان دا خێڵە عەرەبییەکان ئەو گەنمە بچنەوە کە کاتی دروێنەی هاتبوو کە خاوەندارێتییان بۆ جووتیارە تورکمانە شیعە ئاوارەکان دەگەڕایەوە. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دڕندانە ڕووبەڕووی خێڵە بەرهەڵستکارەکان بوونەوە، راپەڕینی خێڵگەراییانەی لە ٧ی تەمموزی ٢٠١٤دا نموونەیەکی بەرچاوە.

هەر کە هەڵمەتی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٤ دەستی پێکرد، ئامانجی راگەیەندراوی ئەمریکا ئەوە بوو کە هێزی میانڕەو دەستینشان بکات و پشتیوانییان بکات کە ببنە هێزی زەمینی لە بری هێزی زەمینی ئەمریکا کە لە رووی سیاسییەوە قابیلی قبوڵکردن نابێت. بە دڵنیاییەوە باشترین هێزێك کە لە ئاست تمووحی ئەمریکادا بن تا رادەیەك کوردە میانڕەو و عەلمانییەکانن. کوردەکانی سووریا تۆمارێکیان هەیە لە توانای بەرگریکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە شەڕەکاندا کە لە نێوان هەردوولادا بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵە بەرپا بووە. بەڵام هەرچۆنێك بێت، پەیەدەی حوکمڕان

**زۆرێک لە کەل و پەل و جەنگاوەرانە گوازرانەوە پێش ئەوەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بنکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تێکبشکێنن**

**دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ماوەی شەڕەکانی جەلەولا لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا، سوودی لە هەستی دژ بە کوردبوونی خێڵە عەرەبییەکان وەرگرت**

**لە رووی ستراتیژییەوە، هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لەو شوێنانەدا ئەنجام دەدرێت کە لاوازی هەبێت و ئەو کاتە رادەگیرێن کە رووبەڕووی بەرهەڵستیەکی گەورە ببنەوە، تەنها بۆ ئەوەی لە شوێنێکی دیکە گورز بوەشێنن**

کە دەستەخوشکی پەکەکەیە، —پەکەکەش یەکێکە لەو رێکخراوانەی لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە - بەو پێیە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیرانە خۆی پاراستووە لە پشتیوانیکردنی ئەم کوردە عەلمانی و میانڕەوانە کە بە شێوەیەکی سەرسەختانە پرۆئەمریکان، ئەویش لە رێی بە هەڵە دانانیان لە لیستی دژە تیرۆر و ئاڵۆزبوونی زیاتری ئەم پرسە بەهۆی ئەو باوەڕەی کە پشتیوانیکردنی کوردە سوورییەکان دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی تورکیا لە هاوپەیمانی ئەمریکا کە دوژمنێکی دێرینی پەکەکەیە.
هەرچۆنێك بێت، ئەم لێکدانەوەیە ئەو راستییە فەرامۆش دەکات کە خودی تورکیا خۆی لە ئازاری ٢٠١٣ـەوە بە ئاشکرا گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکەدا دەکات. ئەگەر ئێستا تورکیا بتوانێت مامەڵە لەگەڵ پەکەکەدا بکات، بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ دەستەخوشکە سوورییەکەیدا- پەیەدە- بکات، بەتایبەتی کە پەیەدە تەنانەت لە لیستی تیرۆری ئەمریکاشدا نییە؟
لە دەرئەنجامدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوار دەدات کە باشترین هاوپەیمانی میانڕەوی خۆی لە سووریا بە شێوەیەکی لەسەرخۆ لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تێکبشکێندرێت لە کۆبانێ کە خاوەنی چەکی باشترە، هەروەك ئەوەی لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا روودەدات. ئەوەی زیاتر ئەم تراژیدیایە قووڵتر دەکاتەوە، بڕیاری تورکیایە بە دەستوەرنەدان، لەسەر بنەمای بۆچوونێکی هەڵە کە ئەوە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی تورکیایە کە تەماشاکار بێت تاوەکو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) قەوارەی خۆبەڕێوبەری (ئۆتۆنۆمی) پرۆپەکەکە لە سنووری باشووری وڵاتەکەیدا تێکبشکێنێت.
بە دڵنیاییەوە، ئەمە دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەو دەرئەنجامە پێچەوانە مەترسیدارەی کە لە دژی تورکیا دەکەوێتەوە، ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) شوێنی پەیەدە لە سنووری باشووری تورکیادا بگرێتەوە. هەمان کورتبینی وای لە تورکیا کرد کە هاوکاری هەرێمی کوردستان نەکات، کاتێك دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا هێرشی کردەسەر. لە دەرئەنجامی ئەم دۆخە ئاڵۆزەدا، زۆر دژوارە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تێکبشکێندرێت.
بێگومان هەرێمی کوردستان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پاڵپشتی لێکراوە، هەندێ سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دوای هێرشەکانیان لەسەرەتادا و لە ئابی ٢٠١٤.
هەروەك پێشتر روون کرایەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێگەی لێگیرا لەوەی چەکی پێویست بۆ پێشمەرگە دابین بکات، لەبەر ئەوەی دەبێت سەرەتا ئەو چەکانە بە بەغدادا تێپەڕێت، کە بەغداش دوودڵە لە رەوانەکردنیان بۆ کورد لەبەر ئەوەی مەترسی هەیە لەوەی بۆ شەڕی سەربەخۆیی بەکاریان بهێنێت.
ئەوەی پەیوەندی بە هەڵمەتی بۆردومانکردنی ئاسمانی ئەمریکاوە هەبێت، ئەوا ئامانجگەلێکی زۆر نییە کە هێرشیان بکرێتەسەر لەو شوێنانەدا کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کۆنترۆڵ کراون، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی زیاتر دوورخستنەوەی خەڵکانی مەدەنی عەرەبی سوننە کە لەوێدا دەژین کە زیاتر ئەوان دووچاری کوشتن دەبنەوە. ئێستا ئێمە گوێبیستی ئەوە دەبین کە زیانی لاوەکی لێکەوتۆتەوە لە نێو عەرەبە سوننەکان سەبارەت بە بۆردومانەکانی ئەمریکا، ئەمە لە کاتێکدا داوایان لێدەکرێت خۆیان لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بە دوور بگرن و پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن.
لەوەش زیاتر، بۆردومانکردنی چاڵە نەوتییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کەمتر مایەی سەرکەوتن دەبێت لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە نییە هەموویان بکرێنە ئامانج. کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) خاوەنی زۆرێك لەو چاڵانەیە.
بۆیە هێزی زەمینی پێویستە بۆ لە ناوبردنی زۆرێك لەو سامانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کۆی کردوونەتەوە. زۆرێك لە کەل و پەل و جەنگاوەرانە گوازرانەوە پێش ئەوەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بنکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تێکبشکێنن. لەوەش زیاتر، بیرۆکەی پارە بەخشینەوە بە پشتیوانە سوننەکان بۆ ئەوەی خۆیان لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دوور بخەنەوە، هەروەك ئەوەی لە سەرەتای شەڕی ناوخۆیی عێراقدا لە نێوان ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا روویدا، ئەمجارەیان سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی خودی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) پارە دەبەخشێتە پشتیوانە سوننەکانی لەو پارە دزراوەی لە کاتی داگیرکردنی موسڵدا لە حوزەیرانی ٢٠١٤دا بەدەستی هێنا، یاخود لە شوێنی دیکە بەدەستی هێناوە، وەك داهاتی ئەو چاڵە نەوتانەی دەستی بەسەردا گرتن، لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا. کەواتە ئاشکرایە کە لە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دا چەندین دژواری هەن.

# (٩٠) ساڵ لەمەوبەر
# کورد لە یەکەم پەرلەمانی عێراقدا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

لـــەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی (١٥)ی تشـــرینی دووەمی ســـاڵی (١٩٢٤)و دەرکەوتنی ئەنجامەکانیشـــی لـــە (٢٣)ی حوزەیرانـــی ســـاڵی (١٩٢٥)، یەکەم خولی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە (١٦) تەممووزی ســـاڵی (١٩٢٥) دەست بەکار بوو، کە ژمارەی ئەندامەکانی (٨٤) ئەندام بوون، لەنێو ئەو ژمارەیەشدا (١٦)یان کورد بوون، کە (٥)یان نوێنەری هەولێر و (٤)یان نوێنەری سلێمانی و (٤) یان نوێنەری کەرکووك و (٣)یان نوێنەری مووســـڵ بوون، بەم شـــێوەیە ڕێژەی ســـەدیی کورد لە یەکەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بریتی بووە لە (١٩٪).

یەکێك لەو پەرلەمانتارە کوردانەش خوالێخۆشبوو (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) بوو کە مێژوونووسی بەناوبانگی عێراق (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) لەبارەیەوە دەڵێت: «لە باشترینی زانایان و مێژوونووسان و وەزیرانی سەردەمی خۆی بوو».

(محەمـــەد ئەمین زەکی بەگ) وەك نوێنەری ســـلێمانی، یەکەم پەرلەمانتاری کورد و عێراق بوو کە وەك پەرلەمانتارە ئەورووپییەکان مامەڵەی لەگـــەڵ دەنگدەرانیدا کردبێت و، لەدوای تەواوبوونی ئەو خولەی پەرلەمان لەساڵی (١٩٢٨) دا نامیلکەیەکی (٣١) لاپەڕەیی نووسیوە و تیایدا بە وردی باســـی ئەو دوو ساڵ و نیوەی تەمەنی یەکەم خولی یەکەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەنگدەرانی دەکات.

ســـەبارەت بەم کتێبەش مامۆســـتا (مومتـــاز حەیدەری) سەرنووســـەری وەرزە گۆڤاری (کەی٢١) لە ژمارە (١٥) ی گۆڤارەکەدا کە (٧١٦) لاپەڕەیەو لەگۆشەی (هەرجارێ کتێبێکـــی دەگمەنی دێریـــن)دا، تـــەواوی نامیلکەکەی (محەمەد ئەمین زەکـــی بەگ)ی بڵاوکردۆتەوە لە لاپەڕە (٥١٢) هەتا (٥٤٢).

نامیلکەکە لە ساڵی (١٩٢٨)ی میلادی لە چاپخانەی (دار الســـلام) لە بەغدا چاپکراوە بە ناونیشانی «موحاسەبەی نیابەت . بۆ مووەکیلە موحتەرەمەکانم»، لای ســـەرەوەی نامیلکەکەش نووســـیویەتی: «ئەوەی حیســـابی پاکە لە موحاسەبە بێ باکە».

هەر لەسەرەتاوە خوالێخۆشبوو دەنووسێت: «بە موناسەبەتی فەســـخی مەجلیســـی ئوممەت و تەواوبوونـــی وەزیفەی نیابەتمـــان وام بە موناســـیب زانیی کە بـــە ناوی خۆم و ڕەفیقەکانمەوە حیساب و کتابێکی خۆمانە لەگەڵ مووەکیلە موحتەرەکانمانا بکەم و، لە ئیش و کاری ئەم دوو ســـاڵ و نیوە کە ئێمە وەکیلیـــان بووین بەدەرەجە یەك حاڵییان بکەم. لەلام وایە کە ئەم ئوسوڵە زۆر باشە و لازمە دائیمەن تەتبیق و تەعقیـــب بکرێ، چونکی بە ســـایەی ئەمەوە مومکینە مووەکیلـــەکان بزانن کە نائیبەکانیـــان وەزیفەی وەکالەتیان بەقەدەر ئیمکان بەجێ هێناوە یان نا؟».

دواتـــر دەڵێـــت: «ئینجا پـــاش ئـــەم موقەددیمەیە لازمە بگەڕێمەوە سەر مەقسەد، کە ئەویش عیبارەتە لە حیسابدان بە مووەکیلە موحتەرەمەکانمان.»

دواتر بڕگە بڕگە باس لە تەوەرەکانی کاری پەرلەمان دەکات لەو دوو ساڵ و نیوەدا لە ژێر ناونیشانەکانی:

یەکەم: تەشکیلات

دووەم: سحیە

سێیەم : مەعاریف

چوارەم: ئینشائات

پێنجەم: ڕێگەی لیوا

شەشەم: خەتی تەلەگراف و تەلەفۆن و مەرکەزی پۆستە.

حەوتەم: موعاونییەتی بەلەدییە.

هەشتەم: خدمەتی عموومییە و خسووسی.

نۆیەم : نەتیجە.

لەهەموو ئەم هەشت بڕگەیەدا بە وردی و بە ژمارە ئاماژە بە بودجەی گشتیی دەکات و، باس لە بودجەی تەرخانکراو بۆ لیوای ســـلێمانی دەکات، ئاماژە بەو پڕۆژانەش دەدات کە بە هەوڵ وتوانای نوێنەرانی سلێمانی بۆ شارەکە کراون، ڕێنمایـــی و ئامۆژگاریـــی زۆریش دەدات بە دەســـەڵاتی خۆجێیی شـــار بۆ ســـوودوەرگرتنی زیاتر لـــەو هەلی کار و پۆســـتانەی کە لە بەغدا هەن و دەکرێت کوردان باشـــتر سوودی لێوەربگرن.

لە کۆتایی لاپەڕە (٣١)یشدا ئاوا کۆتایی بە نامیلکەکەی دەهێنێت: «ئیتر تەمەننام لە قاپی خوای تەبارەك و تەعالا ئەمەیـــە کە خاســـییەتی برایەتی و ئیـــدراك و فەزیلەتی دووربینی و ئیخلاســـمان زیاتر کا و، دڵمان لەگەڵ یەکتریدا چاك و پاك بفەرموێ، لەموســـیبەتی حەسەد و غەرەز و لە بەڵای نیفاق و ئیختیلاف دائیمەن بەدوورمان کا.»

# عامر عەبدوڵڵا و وەرزێکی گەرموگوڕی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

کتێبەکەی ئەم دواییەی دکتۆر عەبدولحوسەین شەعبان دەربارەی عامر عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ئەم کەسایەتییە دێرینەی مێژووی سیاسیی عێراقی گێڕایەوە بەر رووناکی. ئەوەندەی کە مەسەلەکە پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە، عامر عەبدوڵڵا دوو جار دێتە ناو پانتایی کوردەوە. جاری یەکەم بۆ سـالّی ١٩٥٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك پارتی کۆمۆنیست کۆنفرانسی بەستو لیژنەیەکی لە کەمال فوئادو عامر عەبدوڵڵا بۆ دیارکردنی هەڵوێستی روونی حزب بەرامبەر بە مەسەلەی کورد پێکهێنا. لیژنەکە یەکێ لە روونترین هەڵوێستەکانی پارتی کۆمۆنیستی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد پێشکەش کرد و تێیدا جەختی کردە سەر مافی چارەی خۆنووسین وەك رێگەچارەیەکی نموونەیی بۆ مەسەلەی کورد و لەم سەروبەندەدا ئۆتۆنۆمیی وەك رێگەچارەیەکی کاتی و بەستراو بە قۆناغێکی دیاریکراوەوە ناساند. جاری دووەم بۆ سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، کاتێك عامر کەوتە پلارگرتن لە پەرەسەندنی رۆڵی کورد لەناو سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستدا. هەرچەند عامر رقی لە کورد نەبووەو دژی مافەکانیشی نەبووە، بەڵام پێیوا بوو کورد لەناو حزب رۆڵێکی گەورەتر لە قەوارەی خۆی دەگێڕێ، بۆیە داوای دەکرد حزب لە « کورداندن» رزگار بکرێ و روخسارێکی عەرەبیی پێ بدرێ، چونکە زۆرینەی عێراق لە عەرەب پێکدێ.

ئەم جۆرە بیروباوەڕە زۆرتر بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە کە تێیدا رەوتێکی ناسیۆنالیست لە ناو پارتی کۆمۆنیستدا سەری دەرهێنا و کەوتە بیانووگرتن بە سەرکردە کوردەکانی ناو حزب. لەم بیرکردنەوەیەدا عامر لەبەرامبەر کورددا تای تەرازووی ناسیۆنالیزمی لە تای تەرازووی ئینتەرناسیۆنالیزم قورستر دانا. بەڵام، جگە لەوە هەندێ ئاماژەش هەیە کە عامر نەك هەر وەك ناسیۆنالیستێکی عەرەب، بەڵکو هەندێ جار وەك سوننەگەراش بیری کردۆتەوە، وەك پلارگرتنی لە رەچەڵەکی شیعییانەی سەلام عادل.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کاریگەریی لەسەر بۆچوونەکانی تریشی بەجێ هێشت کە هەندێکی لەگەڵ رای فەرمیی حزب نەدەگونجا، لەوانە هەڵوێستی بەرامبەر بە شەڕی عێراق - ئێران. لەکاتێکدا حزب لە دروشمە راگەیەندراوەکەیدا رایەڵەیەکی لەنێوان راگرتنی شەڕ و رووخاندنی رژێمی بەعسدا دروست کردبوو، عامر و ناسیۆنالیستەکانی دیکەی ناو حزب لە سالّی ١٩٨٢ بەدواوە دروشمەکەیان «دەم و دەست راگرتنی جەنگ» بوو.

هەر دوابەدوای ئەمەو پاش پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ناو حزب، عامر و هەڤاڵەکانی وتوویژێکیان لەگەڵ رژێمی بەعس دەست پێ کرد و داوای ئازادیی کاری سیاسیی ئاشکرایان لێ کرد. خراپترین لایەنی مەسەلەکە زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە گرووپەکە زۆرتر ئازادیی کاری بۆ خۆی داوا دەکردو خۆی لە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن دابڕیبوو.

لە مێژووی پارتی کۆمۆنیستدا عامر کەسێکە مشتومڕی زۆر لەسەرە، چونکە ئەو پرەگماتیتر لەوەی کە ئینتەرناسیۆنالیستبوون بەسەریدا دەیسەپێنێ، بیری دەکردەوە و کاری دەکرد. لە سالّی ١٩٦٤دا عامر یەکێ لە لایەنگرە بەهێزەکانی هەڵوەشاندنەوەی پارتی کۆمۆنیست بوو. ئەو بەپێی تیۆریی «رێگەی ناسەرمایەداری» پێیوا بوو حکومەتی عەبدولسەلام عارف بە رێگەیەکی «ناسەرمایەداری» عێراق بەرەو سۆسیالیزم دەبا. ئەمەش وایکرد پشتگیریی ئەوە بکا کە حزب هەڵبوەشێندرێتەوەو ئەندامەکانی بچنە ناو حزبەکەی عەبدولسەلام عارف.

لەسەرەتای حەفتاکاندا زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو کە پارتی کۆمۆنیست بگا بە رێککەوتنێك بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزبی بەعسدا و دواتریش تا دواسات پێیوا بوو کە نابێ حزب لە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییەکە پەلە بکا.

عامر پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر دروست کردبوو. پێشتریش لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا بەهێزترین پەیوەندیی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دروست کردبوو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەهرەیەکی کارا بوو کە دەیتوانی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا دروست بکا کە لە بیروباوەڕ و تێڕوانیندا لەگەڵیاندا هاوڕا نەبوو.

سەرنجڕاکێشترین هەڵوێستی، ئەو هەڵوێستەیە کە بەرامبەر بە سەددام حوسێن هەیبوو. عامر یەکێ لەو سەرکردانەی پارتی کۆمۆنیست بوو کە ئومێدیان لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە حزب بتوانێ ئەزموونی کوبا لە عێراق دووبارە بکاتەوە و سەددام بەرەو کۆمۆنیزم بەرێ. ئەو، وەك عەبدولحوسێن شەعبان نووسیویەتی، لەو بڕوایەدا بوو کە دەشێ بتوانرێ وا لە سەددام بکرێ بەلای بەرژەوەندیی رەنجدەراندا دابشکێنێ. شەعبان لە کتێبەکەیدا بە روونی نەیوتووە عامر خاوەنی ئەو تیۆرییە بەناوبانگەیە کە سەددام بە کاستڕۆی عێراق دەچوێنێ، بەڵام ئەو لە کاتی مشتومالّکردنی ئەم مەسەلەیەدا بیرکردنەوەی خوێنەر بەو ئاراستەیە دەبا کە عامر بانگەشەی بۆ تیۆریی کاستڕۆی عێراق کردووە، بەتایبەتی کە عامر بە پشت بەستن بە چەند ئەزموونێك لەم رووەوە، ئەمەی بە مەحاڵ نەزانیوە. شەعبان ناونیشانێکی لاوەکیی بۆ کتێبەکەی بە شێوەی «وەرزێکی گەرموگوڕی بزووتنەوەی کۆمۆنیست» داناوە. دیارە ئەو لەم مەسەلەیەدا لە راستی دوور ناکەوێتەوە، چونکە هەر تاوتوێکردنێکی رۆڵی عامر عەبدوڵڵا لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بەدڵنیاییەوە تاوتوێکردنێکی گەرموگوڕ دەبێ.



**هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان کە هاوکاتە لەگەڵ شەڕی داعش و ئابڵوقەی ئابووری کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان دروستکردووە، تەنانەت لێرەو لەوێ چەندین قەیرانی جۆراوجۆر کەوتۆتەوە، حاڵەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەر پێویستی بە میکانیزم و پلانی تایبەتمەند هەیە، تاوەکو بتوانرێت کۆمەك و یارمەتی ئەو ژمارە زۆرەی لێقەوماوان بکرێت و هاوکات شوێنەواری نێگەتیڤیشی لەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبێت. دکتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵاندا وەڵامی چەند تەوەرەیەکی تایبەت بە دۆخی ئاوارەکان و چۆنیەتی دابینکردنی کۆمەك و هاوکارییەکان و چەند پرسێکی دیکە دەداتەوە.**

*** بارودۆخی ئێستای کوردستان نائاساییە و لە شەڕێکی گەورەداین دژی تیرۆر و ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاوارەش لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم و لەناوخۆی عێراقەوە روویان لە کوردستان کردووە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە پلان و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی ئەم بارودۆخە لەبەرچاو بگرێت، ئایا وەزارەتی پلاندانان چ بەرنامە و پلانێکی بۆ ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- پلانی وەزارەتی پلاندانان لەم بارودۆخەی ئێستادا زیاتر خۆی لە چەند خاڵێکی سەرەکی دەبینێتەوە کە گرنگترینیان دروستکردنی پردی پەیوەندییە لە نێوان ئاوارەکان (ئەوانەی لە کەمپەکان و ئەوانەی لە دەرەوەی کەمپیش نیشتەجێن) وئەو لایەنە دەرەکییانەی کە دەیانەوێت بە جددی هاوکاری پێشکەش بە هەرێمی کوردستان بکەن لە بواری مرۆییەوە، هەروەها دانانی میکانیزم و پلانی چۆنیەتی یارمەتیدانی ئەم خەڵکە لەم قەیرانەدا. خاڵێکی دی ئەوەیە کە ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان لە پەیوەندی و هەوڵی بەردەوامداین بۆ دابینکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تۆمارکردن و ژماردنی ئەو خەڵکانەی کە لە زۆر شوێنەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، کەچی

## دکتۆر عەلی سندی

### وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# پەیوەندی راستەوخۆمان لەگەڵ هەموو لایەنە نێودەوڵەتییەکان کردووە بۆ ئەوەی هەرچی کۆمەک و پێداویستی هەیە بۆ پەنابەرەکان دەستەبەر بکرێت

**یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٤ لە عێراق نییە و حکومەتی ناوەند بەبێ یاسا لە خەرجکردنی پارەدا بەردەوامە و هەرێمیشی لێ بێبەش کردووە**

ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کارێکی گشتگیری هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکانە کە دەبێت هاوکار بن بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجامێکی راستەقینە بگات. ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە ژمارە و ئاماری تەواومان دەخاتە بەردەست کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ زیاتر رێکخستنی کارەکان و گەیاندنی هاوکارییەکان.

*** ساڵی ٢٠١٤ خەریکە تەواو دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی حکومەتی بەغدا خستبوویە سەر هەرێمی کوردستان، وەك دیارە نەتوانرا بودجەی کوردستان پەسند بکرێت، ئایا بۆ ساڵی ٢٠١٥ بەرنامەتان بۆ بودجەی کوردستان چۆن دەبێت؟ ئایا هەر چاوەڕێی بەغدا دەکەن، یان ئەمساڵ دەتوانن بە پشت بەستن بە داهاتی نەوتی کوردستان بودجەی پێویست دابین بکەن؟**

- سەبارەت بەم پرسیارە، لە راستیدا دوو کێشە هەیە، یەکەمیان بریتییە لە بودجەی عێراق کە هێشتا پەسند نەکراوە واتا یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٤ لە عێراق نییە و حکومەتی ناوەند بەبێ یاسا لە خەرجکردنی پارەدا بەردەوامەو حکومەتی هەرێمیشی لێ بێبەش کردووە. دووەم کێشە بریتییە لەوەی کە حکومەتی ناوەند بڕیاریداوە کە پشکی هەرێم نەنێرێت کە ئەویش بووەتە کێشەیەکی سەرەکی بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان. لە کاتی پەسندنەکردنی بودجە پێویست بوو حکومەتی عێراق مانگانە ٢٪ی بودجەی ساڵی رابردوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت کە تێکڕای هەموو ئەو بڕە پارەیەش نزیکەی ١ ملیار دۆلاری ئەمریکی دەبوو. ئێمە هیواداریین کە حکومەتی نوێی بەغدا بتوانێت بودجەی ٢٠١٤ بنرێت، بەڵام ئەویش تاوەکو پەسند نەکرێت ناتوانێت پشکی هەرێمی کوردستان بنێرێت.. بەهەمان شێوە بۆ ساڵی ٢٠١٥ . ئەگەر کێشەکان لە بەغدا چارەسەرنەکرێن ئەوا ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەردەوام کێشەمان دەبێت لەسەر بودجە لەبەر ئەوەی داهاتی ناوخۆی هەرێم و داهاتی نەوت بەشی هەرێمی کوردستان ناکات لەم کاتەدا.

*** دیارە لە دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دواتریش لەدوای داگیرکردنی شنگال و هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکانی موسڵ روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ژمارەیەکی زۆریش لە برایانی ئێزیدی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون و هاتوونەتە ناوچەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەمە بێجگە لە ئاوارە عەرەبەکان و ئاوارەکانی سووریا کە ژمارەیان زیاتر بە یەك ملیۆن و نیو ئاوارە مەزەندە دەکرێت،**

**ئەگەر حکومەتی بەغدا بودجەی هەرێمی کوردستان بناردایە، ئەوا ئێمە وەک حکومەتی هەرێم زۆر بە ئاسانی دەمانتوانی بە باشترین شێوە خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان دابین بکەین**

**لە هەوڵدا بووین تا کۆتایی مانگی ١٠ هەموو ئاوارەکان کە لە قوتابخانەکانن بگوازرێنەوە بۆ چەند کەمپێک کە هیوادارین لە ماوەیەکی کەمدا بەخێرایی دروست بکرێن**

**لە کاتی پەسندنەکردنی بودجە پێویست بوو حکومەتی عێراق مانگانە ٢٪ی بودجەی ساڵی رابردوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت کە تێکڕای هەموو ئەو برە پارەیەش نزیکەی ١ ملیار دۆلاری ئەمریکی دەبوو**

**ئایا چۆن بەرنامەتان بۆ ئەم حاڵەتە نائاسایییە داڕشتووە و چۆن رووبەڕووی ئەم حاڵەتە بوونەتەوە؟**

- ئێمە وەك وەزارەتی پلاندانان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بارودۆخی ئەم دواییە کە بەهۆی شەڕی تیرۆرەوە لە ناوچەکەوە دروست بوو، رۆژانە لەگەڵ دەزگا و رێکخراوە ناوخۆیی و بیانییەکان لە کۆبوونەوە و هەماهەنگی بەردەوامدابین بۆ ئەوەی چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، یان لەسەر ئاستی دەرەوە بتوانین پەیوەندی زیاتر و تۆکمەتر دروست بکەین بە مەبەستی زووتر و زیاتر گەیاندنی هەرچی خزمەتگوزاری پێویست و دروست و بەپەلە هەیە بۆ خوشك و برایانی ئاوارە، چ لە نێو کەمپەکان بن، یاخود ئەوانەی کە دابەشبوون بەسەر شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاند. ئەم هەوڵو کارکردنەی ئێمەو هەموو لایەك بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێستا چەندین وڵات دەستی کردووە بە یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت تا رادەیەك لەم بارە نائاساییەدا بە ئەنجامێکی باش دەربچێت و خوشك برا ئاوارەکانمان تا رادەیەك ئاسوودەییان بۆ بگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام دەبێت هەموو لایەك کاری لەسەر بکەین.

*** بەڵام ئیدارەدانی زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو ئاوارە بۆ وڵاتێکی وەك کوردستان، کارێکی سەختە و لەڕووی داراییەوە پارەیەکی زۆری دەوێت،کە لەسەرووی توانا داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئایا تاچەند هاریکارییە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە هاوکاربوون؟**

- بێگومان هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان لەم کاتەدا کە هەرێمی کوردستان لە لایەك رووبەڕووی بڕینی بودجە بووەتەوە و لەلایەکی دیکەوە بەدرێژایی زیاتر لە ١٠٥٠ کیلۆمەتر لە شەڕێکی دژ بە تیرۆریستانی داعشدایە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و حکومەتی هەرێم ئەو توانا داراییەی نەبووە کە بتوانێت بەپێی پێویست خزمەتی ئاوارەکان بکات. ئەوەی کە تا ئێستا بۆ ئاوارەکان کراوە زیاتر لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستان بووە و بەشێوەی جیاواز هاوکاریکراون کە جێگەی رێز و سوپاسێکی زۆرن و بەڕاستی سەلماندیان کە خەڵکێکی خۆڕاگرن و دڵسۆزن بۆ لێقەوماوان. هەرچی ئاژانسەکانی UN و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن، ئەوا بەردەوامن لە پێشکەشکردنی هاوکاری، بەڵام بەداخەوە ئەوان نەیانتوانیوە چارەسەری تەواوی کێشەکان بکەن چ لەبەر نەبوونی توانای دارایی یاخود لە توانایان نییە کە پێداویستی تەواو بۆ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان دابین بکەن. خۆ ئەگەر حکومەتی بەغدا بودجەی هەرێمی کوردستان بناردایە، ئەوا ئێمە وەك حکومەتی هەرێم زۆر بە ئاسانی دەمانتوانی بە باشترین شێوە خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان دابین بکەین، بەڵگەش بۆ ئەم راستییە ئەوەیە کاتێك کە ئاوارەکانی سووریا هاتنە هەرێمی کوردستان ئێمە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم زۆر خزمەتگوزاریمان بۆ دابینکردن و هیچ کێشەیەکی سەرەکیمان نەبوو، بەڵام بە هاتنی ئاوارە عەرەبەکانی شاری موسڵ و ناوچەکانی دیکە قەبارەی پێویستی و پێداویستییەکان زۆر لە رادەی پێشبینیکراو گەورەتر بوو. بۆیە دابینکردنی پێداویستییەکان لە توانای حکومەتی هەرێم دەرچوو.


*** ئێستا وەرزی خوێندن دەستی پێکردووە و وەك دەزانن بەسەدان قوتابخانە ئاوارەی تێدایە، گواستنەوەی ئاوارەش لە قوتابخانەکان پێویستی بە کەمپ دەبێت، ئایا پلانتان بۆ دروستکردنی کەمپ و پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ و خوێندنی ئاوارەکان چۆنە؟**

- هەروەك باسمان کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بودجەیەکی لەبەردەست نییە بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان، بە تایبەتی دروستکردنی کەمپ، بەڵام ئێمە بەردەوام لە گفتوگۆداین لەگەڵ رێکخراوی UNHCR و فشاریان دەخەینەسەر بۆ دروستکردنی کەمپ و لە هەمان کاتدا داوامان لە وڵاتانی کۆمەکبەخشیش کردووە کە هاوکاریمان بکەن، لەوانە حکومەتی تورکیایە کە دەستیان کردووە بە دروستکردنی کەمپ. هەروەها لە هەوڵدا بووین تا کۆتایی مانگی ١٠ هەموو ئاوارەکان کە لە قوتابخانەکانن بگوازرێنەوە بۆ چەند کەمپێك کە هیوادارین لە ماوەیەکی کەمدا بەخێرایی دروست بکرێن.

*** پێدەچێت ئەم بارودۆخە درێژە بکێشێت، ئێستاش لە وەرزی زستاندابین، ئەمەش هێندەی دیکە بارودۆخەکە بۆ ئاوارەکان ئاڵۆزتر دەکات و هەروەها رێکخستنی کەمپەکانیش پێداویستی زیاتری دەوێ، بە تایبەتی بۆ رێگرتن لە نەخۆشی و مردنی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵی، ئایا چۆن رووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە و بەرنامەتان بۆ ئەم حاڵەتە چۆن دەبێت؟**

- ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەو قەیرانە داراییەی کە بەسەرماندا سەپێندراوە لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە رووبەڕووی چەندین کێشە و ئاریشەی ئابووری هاتووینەتەوە. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە بارودۆخی چاوەڕواننەکراوی شەڕی دژی تیرۆریش هاتە پێشمان کە وایکرد ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر قورس بکات، بەتایبەتی لە پێشکەشکردنی یارمەتی و هاوکاری پێویست بۆ خوشك و برا پەنابەرەکان کە وەك خۆتان ئاماژەتان بۆ کرد ژمارەیان پتر لە یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە و تەنانەت تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، بەڵام ئێمە بەپێی توانا و ئیمکانیاتی خۆمان توانیومانە تا رادەیەك یارمەتی بگەیەنینە ئەوان، ئەویش لە رێگەی دابینکردنی ئەو هاوکارییانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمەوە بۆ چەندین جار پێشکەش کراوە، هەروەها پەیوەندی راستەوخۆی ئێمە لەگەڵ رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی و کونسوڵگەرییەکان و ئەوانەی تریش کە بوونیان هەیە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەوانیشەوە هەرچی کۆمەك و پێداویستی هەیە بۆ پەنابەرەکان دەستەبەر بکرێت.

# لێبوردەیی و پێکەوەژیان کوردستانی کردۆتە چەترێک بۆ پاراستنی پەنابەران



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە درێژایی ساڵانی نێوان ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ گەلی کوردستان پێشوازیی لە هەزاران هەڵاتووی ژێردەستی زوڵم و زۆرداریی رژێمی بەعسی دیکتاتۆر و شۆڤینیی و تیرۆر و تۆقاندنی سەدام حوسێن کردووە و باوەشی بۆ کردوونەتەوەو لە خۆشی و ناخۆشیدا ژیانی لەگەڵدا بەسەربردوون، وێڕای ئەو رەوشە سەختە گەورەیەی کە لەو ماوە دژوارەدا رووبەڕووی ئەو گەلە بووەوە، ئەم راستییە گیانی هاوکاریی گەلی کوردستان دووپات دەکاتەوە بە کوردو نەتەوەکانی دیکەی بەشدار لە مێژوو و خەبات و ژیان و ئایندەی هەرێمی کوردستان و عێراق.

لەسەردەمانی دیکەی خەباتدا، واتا بەر لە ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ کاتێ فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق راگەیاندرا، گوند و شاخە سەرسەختەکانی کوردستان کە خۆڕاگر بوون بەرامبەر ستەمکاران و هێزە چەکدار و جاشەکانیان، لە لایەك پەناگەی ئارام بوون بۆ خەباتگێڕان، لەلایەکی دیکەوەش پێگەی خەباتی کورد و عارەب و خەباتگێڕانی نەتەوەکانی دیکە بوون و چەکیان رووبەڕووی ستەمکاران هەڵگرت و بە خوێن و قوربانییان خاکی کوردستانیان نەخشاند. کوردستان لە شەستەکانی سەدەی بیستدا لەپێگەی پێشەوەی خەباتی پێشمەرگە و لایەنگرانی بەجەرگ بووە کە نموونەگەلێکی پیرۆزیان لە پێناو (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی و دواتر فیدراڵییەت بۆ کوردستانی عێراق) هەروەها لە پێناو مافی چارەنووس پێشکەشکرد، ئەم گەلە بۆ ساڵانێکی تاڵ و سەخت ئەم خەباتگێڕانەیان لەئامێز گرت. ئەمڕۆش ئێمە لەبەردەم داستانێکی تازە و گەورەداین، گەلی کوردستانی عێراق دڵ و خاکی بۆ ئاوارەو هەڵاتووانی دەست چەوساندنەوەی رژێمی دیکتاتۆر و تاوانباری سووریا کردۆتەوە، (بە کورد و عەرەب و بە موسڵمان یاخود مەسیحی) ئەوانەی دووچاری چەوساندنەوەو راوەدوونان بوونەتەوە، یان لە ئاگری شەڕی دژواری وێرانکەری سێ ساڵەی رژێمی سووریا دژ بە گەلەکەی هەڵاتوون. یاخود لەو شەڕەی کە چەتەکانی تاوان لە نەسرە و داعش و حزبوڵای لوبنان بەرپایان کردووە.

گەلی کوردستان و بەرپرسانی ئەم هەرێمە هەر بەمەوە نەوەستان، بەڵکو کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێڕیان رەوانە کرد بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستانی سووریا، بۆ بەرگریکردن لە شاری کۆبانێی خۆڕاگر، ئەمەش

**بەر لە ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ کاتێ فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق ڕاگەیاندرا، گوند و شاخە سەرسەختەکانی کوردستان بۆ خەباتگێڕان پەناگەی ئارام بوون**

**گەلی کوردستان کۆمەڵێک پێشمەرگەی خەباتگێڕی ڕەوانە کرد بۆ بەرگریکردن لە شاری کۆبانێی خۆڕاگر ئەمەش وەک پاڵپشت و پشتیوانییەک بۆ شەڕڤانانی ئەو شارە**

وەك پاڵپشت و پشتیوانییەك بۆ شەڕڤانانی ئەو شارە. ئەم شارە ئابلۆقەدانی چەکدارانی نازی فاشیست بۆ شاری ستالینگراد( فۆڵگاگراد ) و خۆڕاگریی خەڵکی ئەو شارەو سوپای سووری داگیرکەر کە پەلاماری ئەم خاکەو دەوڵەتی شۆڤییەتی ئەوکاتەیان دابوو، بە بیر رای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەهێنێتەوە.
چەتە تاوانبارەکانی داعش شاری موسڵیان داگیرکرد و دواتر رووبەرێکی فراوانی ئەو پارێزگایەیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و بەرەو ناوچەکانی دیکەش پێشڕەوییان کرد لە پارێزگای کەرکووك و دیالە و پێشتریش ئەنبار و سەلاحەدین، هەتا گەیشتنە سنووری شاری بەغدا کە ئێستا تەنیا ٢١ کیلۆمەتر لێیەوە دوورن.
هەڵاتنی ئەو هێزە چەکدارانەی عێراق کە لە سەربازگەکانی پارێزگای موسڵ جێگیرببوون، هەروەها ئەو هەموو چەك و جبەخانەی بەجێیان هێشت و کەوتە ژێر دەستی چەتە خوێنڕێژەکانی داعش هۆکارێك بوو بۆ روودانی ئەو هەموو تاوانە قێزەوەنەی موسڵ و بەتایبەتیش بەرامبەر مەسیحییەکان کە سەرپشکیان کردن لە نێوان وازهێنان لە ئایینەکەیان یان موسڵمانبوون یاخود رووبەڕووبوونەوەی کوشتن و بەجێ هێشتنی شاری موسڵ، ئەوە بوو بە کۆمەڵ بەرەو هەرێمی کوردستان کۆچیان کردو گەلی کوردستانیش سەرباری ئەو هەزاران ئاوارەی سووریا کە روویان تێی کردبوون، باوەشی بۆ ئەوانیش کردەوە، کشانەوەی پێشمەرگەش لە شارۆچکەی شنگال بووە هۆی ئەوەی ئەم شارە داگیربکرێت و دانیشتووانەکەیشی وەك ئێزیدییانی کورد رووبەڕووی قەسابخانە و کوشتنی بەکۆمەڵ بوونەوەو خەڵکێکی زۆریشیان لە ئافرەت و پیاو و منداڵ و پیر و نەخۆش و کەمئەندامان روویان لە چیای شنگال کرد و چەتەکانی داعش گەمارۆیان خستنەسەریان و بە سەدان کەسیان لە ئافرەت و منداڵ بەدیل گیران و دەیان هەزاریشیان روویان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد، ئینجا ئاوارەبوونی شەبەك و کاکەیی و دانیشتووانی تەلەعفەری بەدوادا هات کە روویان لە پارێزگاکانی هەرێم، یان ناوچەکانی دیکە کرد.
ئەمڕۆ هێزەکانی تیرۆریستی داعش تاوانگەلی بەکۆمەڵ و دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن، ئەو تاوانانەی ناخی هەموو مرۆڤایەتی دەهەژێنێت، لەکاتێکدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەهاناوەهاتنی ئەوکەسانە دواکەوت کە رووبەڕووی تیرۆر بوونەوە بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا توانای هێزی چەتەکانی داعشیان نەخەمڵاندبوو. ئەمەش پاساوێکە خۆی لەبەردەم راستییەکانی رەوشی سەر زەوی راناگرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، ستراتیژییەتێکی روون و وردی نییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەتەکانی داعش لە عێراق و سووریا، لە ئێستاشدا ئەو چەتانە رۆژانە خەڵك دەکوژن و ژمارەی قوربانییانی بێتاوانیش لە بەرزبوونەوەدایە، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باس لە چەند ساڵێك دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزانە لە عێراق، کە ئەوە بەڕاستی مایەی قبووڵ نییە، چونکە ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە هەموو هەوڵێك چڕبکرێتەوە بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەو چەتانەو رزگارکردنی خەڵك لەو مردنە راستەقینەی کە لە سەر دەستی ئەو تاوانبارانە ئەنجام دەدرێن.
رای گشتیی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی و ئەرکی پاڵپشتیکردنی هێزە خەباتگێڕەکانی عێراقیان دەکەوێتە ئەستۆ لە بەرامبەر ئەوەی کە لە پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و دیالە و سەلاحەدین و هەندێ ناوچەی سەر بە پارێزگای کەرکووك، یان ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگای بابل روودەدات، ئەویش بەوەی کە دەتوانن ئەرکی بەرگریکردن و وەدەرنانی داگیرکەران لە خاکی عێراق رابپەڕێنن.
هەر رۆژێك زیاتر ئەو چەتانە لەخاکی عێراقدا بمێننەوە ژمارەی زیاتری کوژراو و بریندار و ئاوارە و کۆچبەرانی لێ دەکەوێتەوە، وێڕای زیاتر سووکایەتی کردن بە مافی مرۆڤی عێراقی، چ پیاو بێت، یان ژن، ئەو کارەساتەی ئێزیدییەکان تووشی هاتن، بە تایبەتیش ئافرەتان پەردە لە رووی رەش و ناشیرینی ئەو هێزە توندڕۆ و تەکفیریی و تیرۆریستانەی ئیسلامی سیاسی رادەماڵێت، ئەو بکوژانە ئافرەتانی مەسیحی و ئێزیدی لە بازاڕدا هەرزانفرۆش دەکەن، ئەوانە باکیان بە مرۆڤی عێراق و بە شارستانی و کەلەپووری ئەو خەڵکەی ئێزیدی و مەسیحییە نییە، کە شارستانییەتی کۆنی عێراق و کەلتووری مرۆییان بنیادناوە.
گەلی کوردستان پێویستی بە پشتیوانیی فراوانی نێودەوڵەتی هەیە لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی لە باوەشگرتنی پەنابەر و ئاوارەکان ئەوانەی شوێن و جێ و رێی خۆیان بەجێ هێشتووە، پێویستی بە لەباوەش گرتنی پەنابەرانی دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی دیکە هەیە، یان ئەوانەی لە دەست شەڕی خوێناوی سووریا هەڵاتوون، لە پێناو دەستەبەرکردنی جێ و رێ و ژیانی کاتی گونجاو سەربەرزی بۆیان تا ئەو کاتەی ئەو خەمە لەسەر ئەوان و گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانیەوە لادەچێت و دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

رەوشەکە زۆر پێویستی بە کۆمەکی دارایی و شارەزایی تەکنیکی و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤی عێراقی هەیە، پێویستی بە چاودێریی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە، ئەوانەی شارەزان لە بنیادنانەوەی ئەو مرۆڤانەی کە دووچاری راوەدوونان و ئەشکەنجە و دەستدرێژی، یان بەزۆر گۆڕینی ئایین بوونەتەوە. پێویستی زۆر بە زانایانی عێراقی و بیانی هەیە لە بواری سایکۆلۆژی بۆ چارەسەرکردنی ئەوانەی دووچاری ئەو پەلامارانە بوون، تاکو جارێکی دیکە بڕوایان بە خۆیان بێتەوەو کەرامەتیان بگەڕێتەوە کە لایەن چەتە خوێنڕێژەکانی داعش و ئەوانەی کە بە پارەو چەك و چەکدار پشتیوانییان دەکەن چ لە پشت سنووری عێراق یان لەسەر ئاستی جیهان لەکەداربووە.

لە کاتێکدا کوردستان وا خەریکە زستانی بەسەردا دێ، وا پێویست دەکات جێ و رێی گونجاو و پێخەف و نوێن و پێداویستییەکانی ژیان دابین بکرێت، تاکو نەخۆشی سەرهەڵنەدات بەتایبەتیش لەناو ئەو ئێزیدییانەی لە چیای شنگال گەمارۆ دراون، کە تا ئێستا زەحمەتە لە گەمارۆی داعش رزگار بکرێن، یان ئەوانەی لە ژێر خێوەت دەژین و ساکارترین هۆیەکانی ژیانیان تێدا نییە. گەلی کوردستان سەرباری ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی پێشووی، خۆی ئامادە نەکردبوو بۆ پێشوازیکردن لەو ژمارە گەورەیەی ئاواران کە لە ناوچەکانی رۆژئاوای عێراق روویان تێی کردبوو، پێشتریش لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتبوون، یان لە باکووری عێراق و هەندێ ناوچەی کوردستانیش کە داعش داگیری کردن لەوانە جەلەولا و سەعدیە و شارۆچکەکانی دیکەی دیالە. بۆیە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە کۆمەکی دارایی خێرای پێشکەش بکات. هەروەها پێویستە حکومەتی عێراق پارەی پێویست بداتە گەل و حکومەتی کوردستان لە پێناو قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوە سەخت و نائاساییەی هەرێمی کوردستان و عێراق بەتایبەتی بەسەریاندا سەپاوە.

گەلی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە توانییان بە سەر یەکەم هێدمەدا زاڵ بن و بەرامبەر هێزی داگیرکەر و پەلاماردەران لە ناوچەکانی دەشتی نەینەوا و شوێنەکانی دیکە بوەستنەوە و رێگەی دیکەش مسۆگەر بکەن بە هاوکاریی هێزە عێراقییەکان لە ناوچەکانی دیکەدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزی تیرۆریستی داعش، لەبەر ئەوە ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی گەلی کوردستان تەنیا لە لایەنە مرۆییەکەیدا نییە، بەڵکو پێویستە گرنگی بدرێت بە دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی دیکەی سەربازی و مەشقی سەربازی بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرگری و هێرشبردنی پێشمەرگە بۆ بەرەوڕووبوونەوەو تێکشکاندنی هێزەکانی داعش و دەرکردنی یەکجارەکی لە خاکی عێراق.

هەڵوێستی نوری مالیکی سەرۆکی پێشووی حکومەتی عێراق لە هەمبەر هەرێمی کوردستان تەنیا لە بابەتی پڕچەککردندا خراپ نەبووە، بەڵکو خیانەتەکە بەو شێوەیە بووە کە نەیهێشتووە چەك بە هەرێم بدرێت، تەنانەت تۆمەتباریشی کردووە بەوەی کە چەك لە ئیسرائیل وەردەگرێت و ئەویش ناڕاستیی ئەو بوختانەی دەزانی، دواتر هێزە سەربازییەکانی عێراقیشی لە پارێزگای موسڵ ئامادە کردبوو تاکو پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگە بدەن و دژی خەڵکی موسڵ بوەستنەوە، نەك بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزە خوێنڕێژەکانی داعش، بۆیە ئەو راستییەی کە ئێستا بەدەرکەوتووە، ئەوە بووە کە رێگەی داوە هێزە سەربازییەکانی عێراق کە بە شێوەیەکی تایفەگەری گۆشکرابوون یەکسەر لە موسڵ بکشێنەوەو و خەڵکەکەی بێ بەرگری و پاسەوانی بەجێ بێڵن، یان نەچنە ناو هیچ شەڕێکەوە دژی چەتەکانی داعش و سەربازگەکانیان بە هەموو چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلەکانیانەوە بۆ چەتەکانی هێرشبەری داعش بەجێ بهێڵن. نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق پێیوا بوو کە ئەم هێرش و پەلاماردانە وەك سزایەکە دژ بە هەرێمی کوردستان و پارێزگای موسڵ پەیڕەوی دەکات، تا دواتر داوای یارمەتی لێبکەن و وەك شێوەی (پاڵەوانێکی ئازا!) بێت ناوچەکانیان ئازاد بکات!! کە دواتر بە ئارەزووی خۆی تایفەگەرییان بەسەردا بسەپێنێت!!! مێژوو نەفرەت لە پیاوی وا بێ ئومێد و بەدبەخت و ستەمکاری بچووك دەکات کە گەلی عێراقی بە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانەوە بەهۆی سیاسەت و نەزانی و تایفەگەرییە کوشندەکەیەوە، خستە نێو ئاگری شەڕێکی خوێناوییەوە کە تائێستا بە هەزاران کەس گیان و ژیان وماڵیان بووەتە قوربانی ئەو ستەمکارییانە.

**مالیکی رێگەی داوە هێزە سەربازییەکانی یەکسەر لە موسڵ بکشێنەوە و نەچنە ناو هیچ شەڕێکەوە دژی چەتەکانی داعش و سەربازگەکانیان بە هەموو چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلەکانیانەوە بۆ بەجێ بهێڵن**

ئەو ئەرکە سەرەکییەی کە لەم کاتە سەختەی ژیانی هەرێم و عێراق رووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە، ئەوەیە کە پارێزگاری لە یەکێتی خۆیان بکەن کە زۆر پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و هەموو دوژمنانی گەل و نەتەوەی کورد و کوردستان. چونکە هەر ئەوە دەستەبەرکاریی کردەییە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کە تا ئێستا نوری مالکیی پەکی خستبوون، لەوانەش ئەوەی کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی بەدەق ئاماژەی پێدەکات کە بە ناوچە کوردستانییەکانی درەوەی هەرێم، بە کەرکووکیشەوە، ناوزەد کراوە.

**ئەو ئەرکە سەرەکییەی کە لەم کاتە سەختەدا رووبەڕووی گەلی کورد دەبێتەوە، ئەوەیە کە پارێزگاری لە یەکێتیی خۆیان بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران و هەموو دوژمنانی نەتەوەی کورد و کوردستان**

# ئاوارەکانی کریستیان
# لە کوردستان
# هەست بە ئارامی دەکەن



**سەرجەم ئەو هاووڵاتییە کریستیانانەی بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە دەربەدەرکران روویان لە هەرێمی کوردستان کردووەو لە ئێستادا سەرەڕای مەینەتییەکانی ئاوارەبوونیان، بەوە دڵخۆشن کە لەلایەن سەرۆکی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە پارێزگارییان لێکراوە، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە ئەوان لە کوردستان هەست بەئارامی دەکەن. تیمێکی گۆڤاری گوڵان سەردانی عەنکاوەی کرد کە زۆرترین ئاوارەی کریستیان روویان لەم ناحیە کردووە و لەنزیکەوە گوێبستی بارودۆخی ژیانیان و داواکارییەکانیان بوو .**



**لەیلا مەنسور:**
**زۆر بێ بەزەیی و دڕندانەماڵەکەمانیان تاڵان کرد و ئاوارەیان کردین**

## ئاوارەکانی عەنکاوە سوپاسی خێرخوازانی هەولێر دەکەن

لەبەرامبەر کەنیسەی عەینکاوە ژمارەیەك لەو خێزانە کریستیانانەی کە لە ناو بینایەکی تەواونەکراودان، سەرنجی هەر بینەرێك بۆ لای خۆیان رادەکێشن، لەو بینایەدا زیاتر لە ٩٦ خێزانی ئاوارەی شاری موسڵ و قەرەقوش و بەرتلەی تێدا نیشتەجێیە و لەبارودۆخێکی خراپدا دەژین. ماجید تۆما یەکێك بوو لەو هاووڵاتییانە و لە دەستپێکی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە هاتنی وەرزی زستان ئەوەندەی دی بارودۆخی ئەوانی خراپ کردووە، ئەمە سەرەڕای کەمبوونەوەی یارمەتی و هاوکارییەکانی رێکخراوە خێرخوازەکان. وەك باسیکرد ئەوان رۆژانە بۆ خواردن و پێداویستییەکانیان بەسوپاسەوە چاوەڕوانی ئەو کۆمەك و یارمەتییانەن کە لە خێرخوازانی خەڵکی هەولێرەوە بۆیان دێت، تۆما بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی: «حکومەتی عێراق بێویژدانانە ئێمەی پشتگوێخستووەو وەکو ئەوەی دوژمن بین و خەڵکی ئەم وڵاتە نەبین».

هەر لەناو ئەو بینایە تەواونەکراوەدا لەیلا مەنسور

که خەڵکی موسڵە بۆ گوڵان گوتی: «هەموو تەمەنم خزمەتی ئەم خاکە و موسڵم کردووە، کەچی زۆر بێ بەزەییانە و دڕندانە ماڵەکەمانیان تاڵان کردو ئاوارەیان کردین، حکومەتی عێراقیش مووچەیەکی شەهیدانەشمانی بڕیوە».

لەیلا لە درێژەی قسەکانیدا چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك و لە ناو هەنیسکی گریاندا گوتی «لەوێ داعشەکان دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ کردین و داوای گۆڕینی ئایینەکەیان لێکردین، لێرەش لە بێ خزمەتگوزاری و بێ شوێنی بارودۆخمان باش نییە و هاوکاریی و یارمەتیمان کەم بۆتەوە و ڕۆژانە لە ژەمەکان چاوەڕوانی خێرخوازا نین خواردنمان بۆ بهێنن».

ئەمەل خدر یەکێك بوو لەو دەیان ئاوارە کریستیانانەی کە لەو بینا بێ دەرگە و پەنجەرەیەدا دەژیا، ئەویش سەبارەت بە هاتنی وەرزی زستان و نەبوونی سووتەمەنی بۆ خۆگەرمکردنەوە گوتی: «گرفتی خۆگەرمکردنەوە و ئاوی گەرممان هەیە بۆ ٩٦ خێزان تەنیا دوو گیزەر دانراوە».

لەم شوێنانەدا لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا زۆرە، لەم ڕووەوە ئافرەتێکی مەسیحی بەناوی (بان) کە پێشتر فەرمانبەری تەندروستی بووە گوتی: «نەبوونی خزمەتگوزاریی گەرماوی و WC و ئاوی پاك و خاوێن و ساردیی شوێنەکە مەترسییەکی زۆری بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەیە بەتایبەتی لەناو منداڵەکانماندا».

لەدرێژەی بەسەرکردنەوەی ئاوارە کریستیانەکان سەردانی کەنیسەی کوردزمانمان کرد کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی موسڵی تێدا نیشتەجێیە، ئەوان باسیان لەو مەرگەساتە کرد کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە و ئەوەشیان دووپات کردەوە کە داعشەکان پێیان ڕاگەیاندوون دەبێت ئایینەکەیان بگۆڕن و ببنە ئیسلام، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە، نەوال وەردە کە خەڵکی موسڵە لەوبارەیەوە گوتی: «دوای ئەوەی نەبووینە ئیسلام دەستیان بەسەر ماڵەکەماندا گرت و ڕێگەیان پێنەداین هیچ کەلوپەل و جلوبەرگ و پێداویستیەك لەگەڵ خۆمان بهێنین، بەڵکو زۆر بێویژدانانە دەستیان بە تاڵانکردنی ماڵەکانمان کرد». هەروەها میسون جۆرج کە خەڵکی قەرەقوش بوو، دوای ئەوەی باسی نەهامەتییەکانی خۆیان و دڕندەییەکانی چەکدارانی داعشی کرد، گوتی: «ئێمە لە کوردستان هەست بە ئارامی دەکەین و ڕێزمان لێدەگیرێت، بەڵام شوێنی حەوانەوەمان زۆر خراپە و داواکارین هەندێك کابینەمان بۆ دابین بکرێت، تاوەکو لە سەرمای ئەم زستانە ڕزگارمان بێت».

**ماجید تۆما:**
**حکومەتی عێراق بێویژدانانە ئێمەی پشتگوێخستووە وەکو ئەوەی دوژمن بین و خەڵکی ئەم وڵاتە نەبین**

**نەوال وەردە:**
**لە موسڵ داعشەکان داوای گۆڕینی ئایینەکەیان لێکردین**

**کریستیانەکانی نیشتەجێی کەنیسەی کورد زمان:**
**داواکارین هەندێک کابینەمان بۆ دابین بکرێت تاوەکو لە سەرمای زستان ڕزگارمان بێت**

**قەشە مەجید ڕەشید:**

## جێگەی شانازییە سەرۆک بارزانی ئەرکی پاراستنی کریستیانەکانی لە ئەستۆ گرتووە

**قەشە یەعقوب یوسف حەسۆ قەشەی کەنیسەی سلێمانی:**


## وێڕای قەیرانی ئابووریش حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری ئاوارەکانی کردووە

قەشە مەجید ڕەشید قەشەی کەنیسەی کوردزمانە لەهەولێر و سەرپەرشتی ژمارەیەك لە خێزانە ئاوارەکانی کریستیانەکان دەکات، سەبارەت بە بارودۆخی ئاوارە مەسیحییەکان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی: «مەسیحییەکان ئامادە نەبوون ئایینی خۆیان بگۆڕن، هەر بۆیە لەلایەن داعشەکانەوە بێبەزەییانە دەربەدەرکران، پێشتریش بە بەردەوام لە موسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق کریستیانەکان و پیاوانی ئایینی قەتڵوعام کراون، ئەمڕۆ لە کوردستان مەسیحییەکان سەڕەرای خراپی باروگوزەرانی ئاوارەییان، بەڵام هەست بە ئارامی و ئەو پێکەوەژیانە دەکەن کە لێرە دابینکراوە و خەڵکی خێرخوازی کوردستان کۆمەك و یارمەتییان داوین، بەڵام لە ئاست مەینەتی مەسیحییەکان و خراپی بارودۆخەکەیان نییە، داواکارم ڕێکخراوە خێرخوازەکان کۆمەك و هاوکاریمان بکەن و کابینە و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکرێت».

قەشە مەجید ئەوەشی دووپات کردەوە کە «بەپێچەوانەی حکومەتی عێراقەوە کە تەنانەت نەیتوانی پارێزگاریی لە مەسیحیەکان بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریی ئاوارە مەسیحییەکانی کردووە، بەڵام گەورەیی مەرگەساتەکە و زۆری ژمارەی ئەو ئاوارەنەی ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە، بارقورساییەکی زۆری لەسەر حکومەت هەبووە»، گوتیشی: «ئێمە سوپاسی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەکەین کە ئەرکی پارێزگاریکردنی مەسیحییەکانیان لەئەستۆ گرتووە، داواکارین لەگەڵ ئازادکردنی موسڵ بەڕێزیان کار بۆ زەمانەتێکی نێودەوڵەتی بکات، چونکە زەحمەتە جارێکی دی خەڵکی متمانەی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان هەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەو ناوچانەدا بیروبۆچوونی توندڕەویی و تائیفی بڵاوبۆتەوە».



لە لای خۆیەوە یەعقوب یوسف حەسۆ قەشەی کەنیسەی سلێمانی؛ سەبارەت بە بارودۆخی ئەو ئاوارە کریستیانانەی کە ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بوون و ژمارەیان ٤٥٠ خێزانە، تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشە دڕندانەکانی داعش و پەلاماردانی کریستیانەکان ٤٥٠ خێزانی کریستیان لە بارودۆخێکی خراپ و دوای مەینەتیەکی زۆر ڕوویان لە شاری سلێمانی کرد کە زۆربەیان دانیشتووی (موسڵ و قەرەقۆش و بەرتلە و حەمدانیە) بوون، ڕێکخراو و حکومەت و خێرخوازان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکاری و کۆمەکیان کردن، بەڵام زۆری ژمارەیان وایکردووە ئەو کۆمەك و هاوکارییانە بەپێی پێویست نەبێت و بەردەوامیش نییە». گوتیشی: «ئێمە سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەکەین کە سەڕەرای بارودۆخی دارایی و بڕینی بودجە و تێکچوونی بواری ئابووری و بژێوی ژیانیان، بەڵام بەدەنگ ئاوارە کریستیانەکانەوە هاتن، ئەمەش حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بوو بۆ میللەتێك کە لە دێرزەمانەوە لەگەڵ تائیفەی کریستیان و ئاینزاکانی دی بەلێبوردەیی و ئاشتییانە پێکەوە ژیاون، بەپێچەوانەی ناوچەکانی عێراق کە بەهیچ شێوەیەك هەست بە ئارامی و سەقامگیری ناکەین و پێمانوایە گەر ناوچەکانیش ئازاد بکرێت گرووپە تیرۆریستیەکان و بیروبۆچوونی دەمارگیری و توندڕەویی لەم ناوچانە هەر دەمێنێت، هەربۆیە لەکاتی گەڕانەوەی ئاوارە کریستیانەکانیشدا پێویستە زەمانەتێکی نێودەوڵەتی یا زەمانەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە هەبێت، بە پێچەوانەوە باوەڕناکەم زۆربەی خێزانە کریستیانەکان جارێکی دی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان. بوونی سەقامگیریی لە ناوچە مەسیحی نشینەکان مەرج و کار و کاتی دەوێت، بەتایبەتی لە ناوچەیەکدا کە عەقلییەتی شۆڤێنی و دەمارگیریی ڕەگی داکوتابێت».





## ئەمیل نۆنا

### مەترانی ئەساقفەی کلدانی پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:

# ڤاتیکان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە لە کوردستانەوە فێری لێبوردەیی و پێکەوەژیان ببن

ئەمیل نۆنا مەترانی ئەساقفەی کلدانی لە موسڵ، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، هەڵوێستی سەرۆکی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە پێشوازیکردنی ئاوارە کریستیانەکان بەرز دەنرخێنێت، ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە سەرەرای قەیرانی ئابووری و بڕینی بودجە و مووچەی هاووڵاتیانی باشووری کوردستان لە لایەن حکومەتی ناوەندی عێراق و شەڕی داسەپێندراوی تیرۆریستانی داعش، خەڵك و حکومەت قوتابخانە و مزگەوت و تەنانەت خانووەکانیان بۆ رزگارکردنی خێزانە کریستیانەکان واڵاکرد، ئەوەش بە «کارێکی چاوەڕوانکراو» دەزانێت و رایوایە کورد خاوەنی پێگەیەکی بەرزی هۆشیاری و شارستانییە، سەرسامی خۆیشی بۆ بێهەڵوێستی بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی بەغدا دەردەبڕێت بەوەی کە هاوکاری و کۆمەکی ئەو خێزانانەی عەرەبی سوننە و شیعە و کوردی ئێزیدی و کریستیان و تورکمانەکانیان نەکردووە کە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بەغداوە دەربەدەربوون و لە بارودۆخێکی خراپدا روویان لە پارێزگاکانی کوردستان کردووە.

ئەمیل نۆنا مەترانی ئەساقفەی کلدانی لە موسڵ، لە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان، باسی ئەوەی کرد کە پەلامارەکەی داعش بۆ سەر خەڵکی سڤیل و ئایین و ئایینزاکانی موسڵ دەربەدەربوونی زیاتر لە ١٢٠ هەزار کریستیانی لێکەوتەوە، کە لە دۆخ و زەحمەتییەکی زۆرەوە دوای داگیرکردنی خانوو کەلوپەلەکانیان روویان

لە هەرێمی کوردستان کردووەو زۆربەیان لە پارێزگای دهۆك و هەولێر نیشتەجێ بوون، ژمارەیەکیشیان روویان لە کەنیسەی سلێمانی ئەو پارێزگایە کردووە. گوتیشی: «گەیشتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەی کریستیانی بۆ ئەم سێ پارێزگایە لەو روانگەیەوە هات کە سەرۆك مسعود بارزانی و خەڵکی کوردستان دەرگایان لە بەردەم لێقەوماوان واڵاکرد، هەرێمی کورستانیش پێگەیەکی گرنگە لە ناوچەکەدا و ناسراوە بە شوێنی پێکەوەژیانی هەموو نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان، ئەمەش بۆ کەرەمی خەڵکەکەی و سەرکردایەتییەکەی دەگەڕێتەوە، بە رادەیەك لە دهۆك خەڵکی موسڵمان هەبوو لە ماڵەکەی خۆیدا خێزانی کریستیانی نیشتەجێ کرد، ئەمە جگە لەوەی پیاوانی ئایینی مزگەوتەکانیشیان واڵاکرد لەبەردەم ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی دەربەدەر، لەکاتێکدا ئەوان بەهۆی گەمارۆی ئابووری بەغداوە دووچاری قەیرانێکی ئابووری سەخت بوون و لە توانایاندا نییە پێداویستییەکانی رۆژانەی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەرانە دابین بکەن. لەمەش زیاتر ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیان و مەتران و سەرۆکی ئەساقفییەکان لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی داعش و دەربەدەربوونی ئەو ژمارە زۆرەی کریستیانەکان سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان کردو لە نزیکەوە گوێبیستی پێشوازی و واڵاکردنی سنوورەکان بووین لەبەردەم ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە، لەو راستیەش تێدەگەین کە هەرێم بە دۆخێکی ناهەمواردا تێپەڕ دەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەم بارودۆخە سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و خەڵکی کەمتەرخەم نەبوون لە پێشوازیکردنمان و بۆ چوار مانگ دەچێت جگە لە سۆز و خۆشەویستی و کۆمەککردن هیچ هەڵوێستیکی نەرێنیمان نەبینیوە، بەپێچەوانەی حکومەتی ناوەندییەوە کە پێم سەیرە ئەو هەموو خەڵکەکەی لە عەرەبی سوننە و شیعە و کریستیان و تورکمان و کوردی ئێزیدی کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی ئەوەوە لە پارێزگاکانی موسڵ و ئەنبار و سەلاحەدین و دەروبەری کەرکووك دەربەدەر بوون، کەچی هیچ هەڵوێستێکیان نییە و ئاوڕیان لێنەداوینەتەوە، ئەوە بەرپرسیارێتی حکومەتی ناوەندییە ئاوڕ لەو کەمپانە بداتەوە کە خەڵکەکەی تێیدا نیشتەجێن و لەم وەرزەی سەرماو سۆڵە خەڵکەکەی لە بارودۆخێکی خراپدان، هەرچەندە هەردوو رێکخراوی خێرخوازی بارزانی و روانگە بەشێوەیەکی باش و بەبەردەوام هاوکاری و کۆمەکمان دەکات، بەڵام کۆمەکی رێکخراوەکانی دیکە کەم و بۆماوەیەکی کاتی بوو».

مەتران ئەمیل نۆنا لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە چارەسەرکردنی ئەم دۆخە چاوەڕوان نەدەکرا وا درێژە بکێشێت، گوتیشی: «تەنیا بەئازادکردنی موسڵ و ناوچە کریستیان نشینەکان رزگارمان نابێت، چونکە لەو ناوچانەدا بیروبۆچوونی تەکفیری و دەمارگیری و توندڕۆیی چاندراوە و هەڵکێشانی ئەو رق و کینە کە دژ بە پرەنسیپەکانی ئایینی و مرۆڤایەتییە هەر وا ئاسان نییە، ئەمە ئەرکی زانایان و مامۆستایانی ئایینییە کار بۆ چەسپاندنی رێزگرتن لە یەکتر و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی لێبووردەیی بکەن و بەهەموو شێوەیەك دژایەتی ئەو فیکرە نامۆیانە بکەن کە لەناو ئایین و ئایینزاکانی ناوچەکەماندا بوونیان نەبووە، سەرجەم ئایینە ئاسمانیەکان کار بۆ ئاشتی و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی دەکەن، ئەی بۆچی بەناوی ئایینەوە خەڵکی دەکوژرێت و ماڵ و خاکیان لێ زەوت دەکرێت و دەربەدەر دەکرێن و وەحشیگەرییانە تیرۆریان دەکەن؟ ئەمە پێش ئەوەی پیلان و مەرامێکی گرووپێکی لەپشت بێت، بۆ ئەو زەمینە لەبارە دەگەڕێتەوە کە چەند ساڵێکە لە موسڵ و دەوروبەری و ناوچەکانی تەشەنەی کردووە، کە بەناوی ئایینەوە خەڵکی بکوژن و دەستدرێژی بکەنە سەر ناموسی خەڵکی. لەبەرامبەردا بارودۆخەکە لەکوردستان بەپێچەوانەوەیە خەڵك و پیاوانی ئایینی و پارتە سیاسییەکان و سەرکردایەتی ئەم هەرێمە رۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی رۆحی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە نێوان هەموو زمان و ئایین و ئایینزاکان هەبووە، هەربۆیە مافی خۆیانە شانازی بەو ئەخلاق و رۆشنبیرییە بکەن، ئەم بۆچوونە لەلای ڤاتیکان چەسپاوە کە لە هەرێمی کوردستان نەتەوەیەك دەژی خاوەنی شارستانی و هۆشیارین، هەربۆیە ڤاتیکان تێڕوانین و دیدگای روونی بەرامبەر هەرێمی کوردستان هەیە و پێیوایە عێراق و ناوچەکەش دەکرێت لە کوردستانەوە فێری کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی ببن. لەموسڵ ماڵی کریستیانی تاڵان دەکرێت و هیچ کریستیانێك جگە لەیەك دوو پیاوی بەتەمەن نەبێت لەو شارە نەماون، لەبەرامبەردا لەهەرێمی کوردستان شتێکی جیاواز دەبینین، بە رادەیەك لە دهۆك موسڵمانێك لە خانووەکەیدا خێزانێکی کریستیانی نیشتەجێ کردووە، داعشەکان پەلاماری کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکانمانیان داوە و سەلیب و کەلوپەل و کتێب و کتێبخانەکانیان تێکداوە، ئەمە کارێکی وەحشیگەرییە و هیچ ئایینێك رێگە نادات سووکایەتی بە شوێنی خواپەرستییەوە بکرێت.

کاتێك لە وڵات و ناوچەیەکدا متمانە بە خاك و ئەو دراوسێیە نەمێنێت کە بەدرێژایی مێژوو پێکەوەژیاون بۆی زەحمەت بووە، ناتوانین قەناعەت بە خەڵك بکەین بێ زەمانەتی نێودەوڵەتی بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، هەربۆیە دوای ئازادکردنی ئەو ناوچانە پێویستە بیر لە زەمانەتی نێودەوڵەتی بکرێتەوە».

**لە موسڵ بیروبۆچوونی تەکفیری و دەمارگیری و توندڕەویی چێندراوە و هەڵکێشانی ئەو رق و کینە هەر وا ئاسان نییە**

**خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەی بەغداوە سەرەڕای قەیرانی ئابووری هاوکاریی و کۆمەکی ئاوارە کریستیانەکانیان کرد**

**چوار مانگە کوردستان ئامێزی بۆ کردووینەتەوە و بێجگە لە کۆمەک و هاوکاری سۆز خۆشەویستیشیان پێ بەخشیوین**